# ڕەوەز

٧

## سەرهەنگ مەلا محمد

## هۆنراوە

**ئەم بەرهەمە بریتی یە لە**

**دووبابەت بەم چەشنە**

**فۆلکلور = ئایینی**

چاپی یەکە

هەولێر = ٢٠١٣

دانەی( ٤٠٠٠ ) دینار

**ناوی کتێب: ڕەوەز**

**نووسینی: سەرهەنگ مەلا مەحمەد**

**تیراژ: ٥٠٠ دانە**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٣**

**دیزاین بەرگ سەنگەر عبدالقادر (٠٧٥٠٤٥٤٦٢٥٣)**

**چاپ: چاپخانەی( پایتەخت)**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارە سپاردنی (٢٨٨٣)ی٢٠١٣ ساڵی پێدراوە**

## سوپاس و پێزانین

## بــۆ

- که ئەرکی پێدا چونەوەیان گرتە ئەستۆی خۆیان
- فۆلکلۆر پەروەر ( حاجی سەعوللاّ شێخانی )
- دانەری حەیران ( حاجی عوسمان ئۆمەربلی )
- فەرهەنگ ناس ( عبدولوەهاب شێخانی )
- مامۆستا ( عبدوللاّ نامق ئۆمەربلی )
- مامۆستا ( عبدلواحد محمد ) جێگری سەرۆکی مامۆستایان
- بەدرخان بەکر شێخ شەروانی
- شێروان شەیدا

## پێشەکی

من ناوم ( سەرهەنگ محمد عزیز )ە لەدایك بوی سالی ١٩٦٨لەدەشتی قەراج گوندی ئازیکەند پاشان هاتوینەتە هەولێر لەهەولێر دەستم بەخوێندن کردوە سەرەتایم لەقوتا بخانەی بابە تاهیر دەست پێکردوە دوای چومەتە ناوەندی و تا دوی دوا ناوەندیم خویندوە لەبەر بارو گوزەرانی ئەو کات نەمتوانی درێژە بەخوێندن بدەم زیاتر لەساڵەکانی ١٩٨٦ دەستم کرد بەنوسینی هۆنراوە زۆر خولیای شیعر بوم شیعری شاعیرە گەورەکانی کوردم زۆر خوێندۆتەوە دیوانەکانی هەرە زۆریانم هەیە

ئەم بەرهەمەشم زۆر لەمێژە خەریکیم تالەم ماوەیە بۆ ڕەخساو توشی کەسانی دلسۆزی وەکو مامۆستای زۆر گەورە زۆر دلسۆز بۆ ئەدەب مامۆستا ( حاجی سعدلله شیخانی ) زۆر هاریکاری کردم وەهەروەها حەیران نوسو کەلە پور پەروەر( حاجی عوسمان ئۆمەربلی ) و( بەدرخان بەکر شێخ شەروانی ) زۆر لەگەل ماندو بون بەراستی ئەو کەسانە خزمەتی زۆر بەئەدەبو کەلە پوری کوردی دەدەن هیوا دارم سودیکم بەخوینەران گەیاندبێ بەم بەرهەمانەم وەهیواشم وایە لەکەموو کوڕیشم ببورن



**سەرهەنگ مەلا محمد**

# دەگوێ بگرە

دەگوێ بگرە لەهاوارم من پێنوسم هەڵ بڕیوە
لەناو خەرواری نێو مێژوی قەرەچوغم هەڵچنیوە
بیرەوەریو گۆڕانکاری شاخو ڕەوەز چیتان دیوە
هەرچی ستەم کارانی جەنگ بێرەیان کرد تیام نوسیوە
دەستم هێناوە بەڕیشی سپی نورانی ئەم کێوە
هاتومەتە ناو لەپی میژوی ئەم کێوە پڕ نشێوە
نێرە کەوی دەم بە قاسپەی سەر ڕەوەزم دواندوە
سەدان بونەوەری کێویم بەلاوانەوی پێنوسم نواندوە
چەندان بەرواری نوسراوی سەرتاتە ڕەوەزم نەخشادندوە
پەلکی سەدان دارەبەنو شەواشینکم لەم کێوەدا جولاندوە
هەگبەیەکی زۆر ڕەنگینم لەکوڵی شیعر کردوە
پڕمینی نێریە مامزو چریکەی بازم تێکردوە
بەستەو حەیرانی ناسراوی ئەو دوودەشتەم تێ خستوە
لەسەر ڕەوسەی گوندبەگوندا چنگێکم لێ هەڵگرتوە
بەبڵێسەی گڕی شیعرم چرای ژوری ئەوگوندانەم هەڵکردوە
بزماری جە نجەڕجە نجەڕی سەر جۆخینی کەندێناوەم ژماردوە
نەینۆکو کلی دێوەرەی ئەویندارانی ئەو دەشتەم پاراستوە
بەتەشی هەڵبەستی شیعرلەتیسکە خوری ئائێرە گلۆرە بەنم ڕستوە
لەنێو پەرێزە جۆی ئێرە دەیان قەتێم لەناو داوا دەرکردوە
سەدان کەوی دەنوك سورم لەڕاوچی خەبەر کردوە
نانو قەسپی ناو تورەگەی کاکی شوانی ئەم دەڤەرەم بیر نەچوە

جامی ئاوم لەنێو هەزاران دەولکی بەر دەراوان وەرگرتوە
بەچڵبەستی وشەی شیعرم دەرکی بازاڕگەم بەستوە
بەشیعر بەندی هۆنراوەم سەدان شاییم دابەستوە
دەیان مەتارەی مام شوانم لەئاوی ساردی نێو کوندان پڕکردوە
داندۆکم بە ئاوی ساردی جەڕەو شەربان تەڕ کردوە
دەستم لەبۆ هەگبەی مێژوی ئەو شاخە بەرزە بردوە
قەرەچوغی من سەربەرزە قەت نامرێ و نەمردوە
لەئاگردانی ڕەشمارن چا پەستەکەم دێم کردوە
پەنیرو لۆری مەڕداری یەك بەیەکی ئەو گوندانەم تامکردوە

# دەهەڵسە قەراج

تو خـــــوا قـــــەراجم هــــــاواری مــــــەڕو مالاّتـــــە
هەمـــووی چــاوەڕێی بـــەهاری دەشـــتی پـــانی بەروالاّتــە
هەمووهاتوین دەنگ هەڵبڕین هەڵدەین بەبــەژنو بـــالاّتە
عەزدەکــەین لەم دەشتە بژین دەرنەچـــین لـــەژێر ئالاّتــە
من گــوێبیستی ڕەوە قەتێی باڵ ڕەنگینی گـــەردەن تــەڕم
من وا گــوێبیستی قر قــرەی بــەر گـــەردەنی شـۆڕە مــەڕم
مــن شــێتی دەنگــی زەنگـــوڵی کــێـشتانانی زەردە پــەڕم
زۆر تــامەزرۆی دانیشتنی گـــێرەو سەرپــشتی جـــە نجەڕم
باوەڕکـــــە زۆر بە پەرۆشـــــی بەهــــاری خـــڕە بـــەردانم
زۆر تــامــەزرۆی دۆزینـــەوەی دانـــە قـــەتێـــو دومبـــەرانم
زۆر تــامەزرۆی ئــاوی ســاردی نــاو کونــدەی بــن کونــدەرانم
زۆرتــامـــەزرۆی دانیـــشتنی دەرکـــی کــــانی خــــەزەرانم
زۆر بە پەرۆشـــی دیـــتنی ســـەر هەرکـــەوێ مە نجـەرانم
تـــو خـــوا قـــەراج ی دڵێــران ئــەو جــارە بگـــە هــاوارم
قــەراج دەشــتی یــادەوەریم نــاوت خــۆشـــە لەســەر زارم
دەشــتی گـــە نمی قەندەهـــاری دەشـــتی بــە پیتو بڕیــارم
بۆ بست بەبستی خــاکی تــۆ هــەرخۆم مــشتەریو کـــڕیارم
یاخـــوا قــەت ئــاوات نــەبینم کـــەدەشتت ســۆرو بــەیارە
کــۆزت بەبێ کــــارو بەرخـــە ســەربەردە بێــرت بــە تــارە
ئەودەشــتە پانو بەرینەت بە بــێ مــاینو ئەســـپو ســـوارە
لەسەر سەکــۆی گوندەکاناعەزدەکــەم گـــویم لــەزوڕنابێ

گـەر بۆقەراج گـريانم بێ قەت قـەت گريـانم كرنـابێ
خـدر حـەيران شايى گـێڕا ئەو نـەبێ شـايى خـــرِ نـابێ
بەهاتى ئەودەشتە نەبێ عـەمبار وەك جـــاران پـــڕنابێ
ئاخ چـەن خـۆشە دانيـشتنى كێـشتانى گـــردى كەسـارە
سەيرى دەشتى كاكى كـاكى تاچـــاو حـــوكم دەكـا ديـارە
بـڕوانە بـەلاى كـــاولانيش هـــۆبەو مێگـــەلو ڕەشمـارە
دەنگى نێرە كەووقوڵتە گـــوێ بيـست دەبـى جـــارناجارە
قـــەراج كـــەوشكت دەبيــنم دڵ پــڕ هەنــسكى گـــريانم
چونكە لەم دەشتە جوانەى تۆ من فێرى گەشــتو ســەيرانم
لەبست بەبــستت دەبيــنم شـوێنو جـــێ پێـى با پـــيرانم
وا دەزانم هـــەر بـــچـوكم لـــە پـــێش دەراوى بيـــــرانم
وا دەبيـــنم وا مــــەڕ دێتـــو مــن لــە ســەرپــشتى دۆرابم
بەخوا عەزدەكـەم شـــوانێ بم لـــەبەرزايى ئاشـى بـابم
زۆر زۆر عەزدەكەم كاكێش بم لـەناو لـەودەى پڕلـەكابم
عەزدەكـەم بـەنانو قەسـپێ لەســەر ئـاوى هەركـــەوابم

# جوانی تۆ

نازانم کێوی سەربەرزم چۆن وەسفی بکەم جوانی تۆ
بۆ ئەوینو ئاشقانم تۆی جێی دیرە نێو ژوانی تۆ
چۆن وەسفکەم قارەی بەرخو شمشاڵی دەستی شوانی تۆ
بێ وەفانیم لەیاد ناکەم نانو ئاوی سەر خوانی تۆ
قەت لەدیدی من دەرناچێ خۆش لەزەتی سەیرانی تۆ
لەیاد ناکەم من بەهاری دەشتی قەراجی پانی تۆ
هەر لەگوێم دەزرینگێتەوە زەنگولی قەدپانکایی تۆ
ناتوانم قەت دەسبەرداربم لەبڕیاری خەرمانی تۆ
لەگشت شۆرشێکا دیارن کوڕی بڕ نۆ لەشانی تۆ
لە زۆر بریاری گەنم و جۆ واریە بەرمەیدانی تۆ
ئەی کەندێناوەی ڕنگینم لانکەی بەندو حەیرانی تۆ
لەبیرەوەریم دەرناچێ خەوی خشی شەوانی تۆ
ڕەوەزو لوتکەت سەنگەرو مەتەر ریزی کوردانی تۆ
تۆ سەنگەری پۆلاینی شۆرشو سەر هەڵدانی تۆ

٢٠١١\٥\٢٧

# من قەراجم

ئەزانن من ئەو قەراجەم کە فاشیستم هێنا لەرزە
سەنگەری تێکۆشانم بوو ئەو قەرەچوغە سەربەرزە
ئەگەر ساڵێ بـاران زۆربێ بەهارم جوانترین وەرزە
ڕۆڵەکانم بەجێم نێلن نەمدەنە دەست داگیرکەران
بالەدەشتی من نەبڕێ بێڕەی تەگەو نرقەی بەران
توخوا با بە فیڕۆ نەڕوا خوێنی ئازاو کۆڵنەدەران
جێم مێلن دەشتی قەراجم دەشتی گاگڕۆو هەراران
دەشتی پڕهۆبەو ڕەشمارو ڕمازێنی بەرخو کاران
قەراجی حەیران بێژانم مامۆستای جۆتەو شمشاران
قەراجی شاییو گۆڤەندم جێی ئەوینو ئەویندارانن
بەجێم نێلن شۆڕە مەڕم ئەی بەرانی قۆچ بە قەفم
بۆ برسیتیو بێ لەوەڕی بۆتان یەکجار بەئەسە فم
دوشمن چاوی تێ بڕیوم لە ژێر باری ترسو گەفم
من قەراجم من قەراجم من پێدەشتی بەرخۆدانم
من قەراجی نەبەزینو خاوەنی دەیان داستانم
خشتو خۆڵی خانوتانم گۆڕو گڵکۆی شەهیدانم
قەڵاتی گچکەی مە خمورم دواسنوری کوردستانم
قەراجی کاکی بەکاکیم غەرو کۆزێ شوان کارانم
دەشتی قەراجی ڕەنگینم هەموکات لە سەرزارانم
چەن سەدەیە من بۆ ئێوە جێ ی هەوێزی مەڕدارانم
جێ ی لەوەڕگای مەڕدارانن قەدو نشێو لا پاڵم

دەشتی پڕ ڕەوە مامزم قەرەچوغە پەناو پاڵم
داری ئالأی کوردستانم لەناخا بێ خۆش خەیاڵم
گۆڕو گڵکۆی برایم ئاغام گۆرستانی حوسێنی غازیم
بۆ ئاشق و ئەوینداران جێ ی گەمەو یاریو دەست بازیم
لەڕەفتاری نەوەکانم هەندێك جار گەلێ نارازیم
گەر سەنگی خاکم بزانێ کورد بێت لۆ پێشوازیم
توخوا بەتەنیام مەهێلن جێگاو مەنزەڵگای یارانم
جێم مەهێڵن کەدووساڵە بەبێ دەغرو بێ بارانم
بێ بارانی وای لەمن کرد نەوەك من جێی هەوارانم
پێدەشتم هەر ئەو پێدەشتە زەوی پڕ پیتی جارانم
من قەراجی نەبەزینم مەفتەنی شۆڕە سوارانم
من ئەو پێدەشتە بەپیتەم دوشمن چاوی تێبڕیوم
من بەئێوە پشت قایمم گەرنا بێکەسو هەتیوم
ئەورۆ ناوچەی دابڕاوم ماڵوێرانو خێر نەدیوم
بۆ سەنگەری بەرخۆدانتان خاوەن دەیان دۆڵو شیوم
زۆر بەشی باشو بەپیتیان لەجەستەیا دابڕیوم
کەسێ نیە لەم دەشتەی من خشتێ لەسەر خشتێ دانێ
ئەی دڵ سۆزی ئەم دەڤەرە لەکوێن من نابینم کوانێ
کەسێکی دڵ سۆز نابینم هەستکا بەئازارو ژانێ
تەنها خاوەن مەڕێکی شڕ لەقەراجێ دێتە ژوانی

# قەیناغو داس

من خاوەنی نایەو جۆتە و دوزەلە و دەنگی شمشاڵم
هەم خاوەنی بەردەبێر و مێگەل و چیغ و ڕەشماڵم
خاوەن کراشی پەڕۆین و جامانە و شەپك و شاڵم
خاوەنی چارۆگ و سوخمە و گوارە و خەزێم و خڕخاڵم
لەبیرتانە جەڕە و شەربە و کوپە و کوندە و کوندەرانی
شوان و نان و قەسپت بیرە یان گۆبار و حەیزەرانی
گوێت لە قارەی بەرخ و کارە یا نرقەی تەکە و بەرانی
خاوەن دەیان سەربەخەنەی چاو مەستی پێش قەمتەرانی
قەیناغ و داس و هەسانم لە کەبرێ درونەی داناوە
سەپان بەری درونەی لێدا تێلە کێش مە رۆی پێچاوە
نانی مزاش و کۆتکی دۆی پڕ دۆی ساردیشم داناوە
شەغرە کێشان و جەنجەڕ و شەنەباتان لە بیر ماوە
گەمەی هەلیکانێت بیرە گێم گێمانێ و چاو شلکانێ
گەمەی خۆشی کیژو کاران مۆریانێ و گورز گورزانێ
یان کێلە بەردانێ و دامەو شەوانی کەرەمستانێ
کۆزە پانەی سواقی خانی و ئەی بەزمی ساوار کوتانێ
من خاوەن بەستەو لاوك و مەقام و سەدای حەیرانم
خاوەن بالۆرە و لای لایە و سەر دولکەی جوانی ژنانم
یادی دێوەرە ونەینۆك و بازنۆکە و کل و کلدانم
یان خەناوکەی قەنەفر و بیرۆزە و مۆری و مەرجانم
خاوەن جەمەدانی و هەوری و جلی جوانی مراد خانیم

**خاوەن کلێتەو بەلە پیچ بەستەکو قاپوتی شوانیم**
**خاوەنی شەدە و دەسترۆکە و شاڵی بەریشی سەر شانیم**
**بەراست خاوەن کەلە پورم وەك گەلان نیشانەی جوانیم**
**داندۆك و دۆغەوا و بیرە یان هەرمیشك و یا شلکێنە**
**کەشك و ژاژیتان خواردووە یان تەرەساز و ترخێنە**
**ئەی برێشکە و قەرە خەرمان لەناو سیرێ بیبر ژینە**
**کەشك و دۆینە و گەنمە کوتایە دەتۆ هەندێکیان ناو بێنە**
**ڕبەو شەنە ی دار و بیرە یا فەردەی داخ شین و داخ سۆر**
**لباد و جاجمت بیرە قەزناغ و جەوار با بان کۆر**
**بەرمار و لێفت بیرماوە یا تەشکە بەری بە گۆر گۆر**
**لابوتە و خشت برت بیرە یان تامی ئەستورکە بە لۆر**
**بیرت ماوە کەرو دۆراب کۆلو بەر دەراوو کانی**
**قوڕ گرتنەوەولەودەی پڕکاو هەراشو سواقی سەر خانی**
**شەوینو شیو خوارت بیرە ئەی شەو بەکێوی مام شوانی**
**سۆبەی پڕ قشپلت بیرە کۆڕی بەردەم ئاگردانی**
**گوڕی گەرمی دایەگەورە هەقایەتی هەبوو نەبوو**
**لەبەر سۆبەی دارو قشپل منداڵانیان لەدەورە بوو**
**دا پیرەو با پیرەی خۆمان لەلا بەڕێزو گەورەبوو**
**تاسۆبە ئاگری کز نەبێ ئیشمان بەبیورو تەورەبوو**

# کەو

من کەوی گەردن بەخالی قەرەچوغی شکۆدارم
لانەم لە کونی ڕەوەزەو خاوەن لوتکەی بە هەزارم
خاوەن ئاوازیکی خۆش ودەنگێکی زۆر سازگارم
ئەخوێنم لەسەر تیشە بەرد گوێ بگرە لە فرەی بارم
پێم نەڵێن باڵداری خۆ خۆر ئەشقی بەڕۆژو نسارم
والله هاوەڵم ڕاوناکەم وا تێنەگەن بەد کردارم
نەوەو مەفتەنم خۆشەوێ خاوەن جوانترین ڕەفتارم
مرۆڤ بەخۆیان خۆخۆرن لە ڕەفتاریان زۆر بێزارم
ڕۆژیك چۆلکردنی ئێرە نەهات بەبیرو ئەفکارم
بۆچی ئەمخەیتە نێو قەفەز گوێ ناگری لە هاوارم
دەڕۆم بۆ ڕەوەزی سەرێ سوێسکە دەکا ئینتیزارم
بە جوت لەم کێوە ئەخوێنین سوێسکە دۆستی وەفادارم
ئەقەپێنم ڕو لە قەراج دۆستی هەزار سارم
قولتەی دەنگ خۆش لەبیر ئەکەم دۆستی زیرەك و ووشیارم
من ماچەکەم نێوچەوانی مام شوانی دەست بەشمشارم
لە ئاست ئاوازی شمشارت کاکی شوان شەرمەزارم
ڕۆیشتم ماڵئاوا لە ئێوە با ڕاگەم بە ئیشو کارم

# دەنگی بەرخ و کار

قەراج هاتم بەلاّم ئەو جارە گولّ پۆشی
چەند بیّرم دی بیّری مەڕی تیا دەدۆشی
ناو گوندەکان تۆرکە چاو ڕەشە دای پۆشی
پیاو لەم دەشتە دورە لەدەردو نەخۆشی
قەراج هاتم گویّم لە لەنگی بەرخو کارە
بەدریّژایی قەرەچوغی دەبینە ئەوبنارە
چەن دلگیرە ڕەش پۆشی چیغو ڕەشمارە
والەیەك مەڕ زەرد دەچی گوفکی غەلدارە
گەنمم بینی پنجی چەن پەرشو بلاّوە
لاولاوەم دی لە پەلکی گەنما ئالاّوە
قۆپی گەنم بەبەژنی بەرزو بالاّوە
قەراجم دی بەڕەنگی ئالو والاّوە
کیّ بوو ئەیگوت قەراج چیتر گولّ دەرناکا
فەرشی سەوزایی گولّو گیا لەبەر ناکا
دۆبە سەرەش کەشتیلەکەی لەسەر ناکا
گولّە گرمزە هیچیتر گولّی مۆرت لۆ دەرناك
دەسەیرکە دوجار مەڕم دیّتە بیّریّ
کارو بەرخ تیّبەرەدەن پاشانیش دیّتە هاویّریّ
قەرەچوغ بەگولّ غەملیوە مژدەی بەهاریّ دەنیّری
مە نجەری ماستی قەراجیّ پەنگی داوە لەهەولیّری

# نیعمەتی باران

نیعمەتی خوایی بەڕاستی باران
وەرە دابارە وەك جاری جاران
تەڕکە قەرسیل و پۆپەڵی داران
تەڕبکە سۆندە و چیغی ڕەشماران
پڕکە کاریز و گۆمی بەرماران
تەڕکە قاپ و توغەرێ شوانکاران
تەڕکە هەویزو بیری مەڕداران
تەڕبکە زینو ڕکیبی سواران
تەڕکە حەسارێ نیو چیر و چاران
لە کاولان تەڕکە کەونە هەواران
ئاو بریقەی داوە لەناو بەیاران
پە پولە هەرنیشت لەسەر هەراران
ئاو مارکی هینا کەندێ بەرمەران
ڕمبازێ ی خستە نیو بەرخوکاران
گەرمت کرد کوڕی مامە ئەختیاران
تەڕتکرد پەلکو نیرکی غەلداران
ڕیشی حاجیلەو بەییون تیکئاران
عریتەی خستەوە نیو کیژوکاران
شەواشینك تەڕبو لەقەد نساران
تەڕبو هیلانەی باز و کۆلاران
تەڕبکە شەدە و هەوریو هیزاران

تەڕبکە سینەو سەرخەتو خاران
تەڕبکە گوارەوزولفی نازداران
تەڕبکە بەلەکو قەفی خڕخاران
تەڕکە قاپوتێ شوانوشوانکاران
تەڕکەوە مەڕ و شوان لە شیوخواران
تەڕکە بەییونو پونگەوهەراران
تەڕبکە قەفی قوچی بەرخە نێر
تێکدە مەڕدۆشین چولکە بەردە بێر
پاروی بکە دەشتی گەرمەسێر
تەڕکە مناره و قەلآتی هەولێر
تەڕکە ڕەشکینو سەر زورگەزراوی
تەڕکە هیلەوە دەشتی سیاوی
گردی سورێژ و ناودەرکی زوری
تەڕکە بازاڕگاو سایلۆی مخموری
تەڕکە گاوەره و کاولە کەنداری
لە بەرخوکارانی تێکبدە یاری
تەڕکەوە گوند و دەشتێ مشاری
گەری ئازیکەند وشکی دەرواری
تەڕکە پیفۆك و پەلکی هەپۆکان
تەڕکە ڕاستایی زینی قەبرۆکان
تەڕکە گۆرمزە و گوفکی چەورۆکان
تەڕکە کەربەشەو چەودەرۆکان
گردگراو تەڕکە تاگردی ڕەوە

**تۆخوا قەراجی هەموو تەڕکەوە**
**ئاویٚ لە کەندو جۆمان وەرکەوە**
**قۆپەن قۆپەنی جۆبەسەرەرکەوە**
**زوو زوو لە قەراج سەرت دەکەوە**
**چونکە قەرەچوغ پڕی هەرکەوە**
**هەرکەوان هەموی پڕبەسەرکەوە**
**کراسیٚ بەکیژو کاران هەرکەوە**
**کاریتان تەڕکە سەرگردە بۆری**
**مەڕە زای تەڕکە لەحەوشەو هۆری**
**تەڕکە وە ئاگری ناو سەربەشاخی**
**لاوەری تەڕکە بەڕەزو باخی**
**تەڕکە بازاڕگەو کورەو کورەی گیٚچ**
**تەڕکە پەستەکو گۆریەو بەلە پیٚچ**
**پڕکە تەوشی تراش پڕکە چەکمانیٚ**
**تەڕکە هەویٚزیٚ حەمە گوستانیٚ**
**بائاو سەرڕیٚژبیٚ لەگۆمە دریٚژە**
**دەبا ببینم پڕەو سەر ڕیٚژە**
**تەڕکە پارانیان تەڕکە گەڕە سۆر**
**پڕکە کاریٚزو کەندو جۆمی قۆر**
**تەڕکە دیبۆەخانیٚ برایمی کیٚخوای**
**تەڕکە ئازیکەند برندیٚ ئاشی بای**
**تەڕکەوە کلکەی دارە بزماران**
**شلکەوە سنگیٚ خیٚمەوە ڕەشماران**

تەڕکەوە کۆتکەو گەری ئاوە زێی
خۆشحالم کاتێ دادە باریو دێی
تەڕکە هەڕفتو تەڕکە غەڕەنگی
کەندو جۆم بڕوا دل خۆشم هەنگی
هەتا هاژەی نێ کەندێ گەری سۆر
لەکیژو کاران تێکنەداتن کۆر
ناچتە سەر سێرێ ئەستورکە بەلۆر
نابینێ گوڵی سپی و سۆر و مۆر
قەراج بارانان دیمەنی جوانە
کە بزن هەلدێ لۆ بن گێسوانە
لەسەرمان کلکی ئەکا کەوانە
بەرخوکار داکەن کێ بەرخەوانە
ئەو گۆمێ مەلای پڕ نەکا باران
لە قەبری نەبی خوڕەی کەنداران
شل نەکاتەوە سنگی ڕەشماران
نابەستی قەفتێ پونگ و هەراران
نەبینی پڕ بێ ئەو گۆمە خڕە
کیژ کۆرێ نەکەن لەسەر بە سڕە
ناوچەقێنەکان زەنەك و قوڕە
بزانە ئەوسا زستانی زڕە
تەڕکە کەلەکەی بیرێ عەباسی
تەڕکە سیخورەو تەڕکە سەلماسی
بەلکەم تەبارە دێتە بەرداسی

دووگردکان تەڕکە تا شێخەلاسی
هەتا تەڕ نەکەی گەری چك چکەی
کەندوجۆم بڕواو ئاومارکی ببەی
لەگە نمی نادەی ئەوسار دار ڕبەی
مامۆستای تەڕکە مەندیل و جبەی
تەڕکە ناو گەری کانی خەزەران
تەڕکە هیلانەی بازو خەلتەران
لەکاولان تەڕکە هەوری لەسەران
تەڕکە بەڕەخو کاولان و غەران
تەڕکەوە خەزنەو گوندی گەزوەشان
تەڕکە گردگراو تەڕکە کەلەشخان
قۆشەنەی تەڕکە تەڕکە مشاری
قەراج ڕەباسکە وردو بەیاری

# خدر حەیران

دە هەڵسەوە خدر حەیران وەکو جاران دیوەخان سازە
کێخوا عەدۆ چاوەڕێ یە حەزی لە بەندو ئاوازە
خەرە بەردانت گوڵ پۆشە بەهارێکی زۆر دڵ خوازە
لە ئاسمانی ئەم قەراجە دەنگی قەتێ و قورینگ و قازە
دەهەڵسە حەیران بێژەکەم وا گومێ مەلای پڕ ئاوە
سمایلی کێخوا عەدۆی لە پێش دیوەخانی وەستاوە
لەسەر سەکۆی پێش دیوەخانی بندیانەتی دەوریان داوە
دیوەخان عەسیر ڕیژکراوە گێڕایان فنجان و قاوە
دەهەڵسەوە خدر حەیرانم قەراجم بێ حەیران بێژە
ئەوساڵ ساڵی زۆر بارانە سارێژ بووە گومە درێژ
وەرە شاییم بۆ دابەستە بەندی بێ ژمار هەرێژ
دەنگی حەیران و بەستەی تۆ یەکجار زۆر بەتام و چێژ
دەهەڵسەوە وەکو جاران بۆمان دانێ بەندو بەستە
هەموو قەراج چاوەڕێ یە دەبەسە لەو خەوە هەڵسە
لە پشت دیوەخانی ئازیکەند شایی و گۆڤەندێ دابەستە
با کیژ لە ماران بێنە دەر بێنە شایی دەستە دەستە
هەستەوە عەلی شەریفیش بۆ دیدەنیت چاوەڕوانە
هەستە وا لە پانکی گورێ دۆستی کۆنت لە جێ ژوانە
هەستە کاولان و بەرەخیش پڕ هۆبە ڕەشمال و شوانە
هادی احمدی مەولودیش هات ئەورۆ لای تۆ میوانە
قەرەچوغ بێ وەفا مەبە چۆن بۆ ڕۆڵەت دەرۆنیەوە

خــدر حەیران چەندین بەســتە و حەیرانی بـۆت دەهۆنیـــەوە
دەبــێ تــۆش بەدەنگــی کـــەوت ماتەمــی بــۆ بخوێنیـــەوە
دەبــێ هەلاڵــی پێــشکەش کــەی هــەلاڵی زەرد بەبۆنیـــەوە
بــرا یمی کـێخوای لــە دیوەخانــێ بــۆ دیـدەنیت ئینتیـــزارە
دیوەخــان جمەی دێ لەبندیان بۆ ئــەم کــۆڕ و ئــەم دیـــدارە
وا فیقــەی دوزەلـــە و جــۆتە و ئـــاوازی خۆشــی شمــشـارە
مــام خـــدە تەزبیعـــت دەرکـــە کــۆڕێ بگــێرە ئـەم جـــارە
هـــەر شـــاییەکی تــۆ بگـــێڕی نـــاوو ناوبانگــی دیـــارە
لــە پشـت دیوەخانی ئازیکـــەند دایـان بەســـتا نیـشـانانێ
قــرمەی بــڕنۆ و ســـەمینۆ فـــان قەراجـــی هێنـــا هەژانـــێ
ســفرە بـــۆ خـــوان واڕاخـــرا لەســـەر ســـەکۆی دیوەخانـــێ
ســەرکردەی حــەیران بیژانم مێــژوو دەبێـت جێـت بـۆ دانـــێ
دەســتی لەبــن گـوێیینادیـسان مـــام خــدر بابــی عەباســـی
ماشـــەڵلا ئـــاوازی خـــۆشە دەنگـــی دەگـــاتە سـەلماســـی
کـیژو کـاری هــەموو ڕاگـــرت لەســـەر بـیری مـام عەباســـی
کــێ هەیە مامۆســـتای بەســـتە خـــدر حـــەیرانی نەناســـی
گـوند بە گـوندی ئــەم دەڤـــەرەت خرکـردەوە لــە خـــەروارا
هەتا کـورد و مێژووی مابێ جێ ی دەستو پە نجـەی تـۆ دیـارا
بەندو بەسـتەی حـەیرانی تـــۆ دائیـــمەن وێـردی ســـەرزارا
قەراجـــت دێنتـــە بەرچـــاوی لەنـــاو نێرینــەی بەهـــارا
شێخ مەحمودت لەبیر نەکـرد خستتە نێو بەنــدو نێـو ڕســـتە
گـوند بە گـوندی کـەندێناوەت لەبەستەکـــان لــەنێو مــستە
دەتزانی کــە ئەم پێ دەشــتە کە چــەندین هەنگـــاوو بــستــە

حەیفە جێی دیوەخان و مزگەوت ئێستا واچۆڵو بەرپێیخوستە
بڕوانە کیژ پێش مەخفەری دیبەگەیان بۆ تەنیوە
چەپکە هەلاڵ و حاجیلەو گاگرۆیان بۆ چنیوە
مزاهەرەی کیژو کاران دیبەگەیان دا پۆشیوە
خەرمەی خەناوکەو بازنی قۆڵی پڕلە زێڕو زیوە
شایی لە خدرجەی گەرمە خەڵکی بۆت لە چاوەڕوانن
چاوەڕێن لە چیای ئاوابی کیژ و کوڕ لەچیای دەڕوانن
چاوەڕین شایی گەرم کەی چاوەڕێی بەستە و حەیرانن
پیرێژن لە ماران دەرچوون چاوەڕێی بەستەو بەندانن
هەستە خەڵکی ئازیکەندی دایانچاند گەنمە عمێرە
قۆناغ بە گرێکەت لەشانکە چاوی بەستەت لەسەر سێرە
گەلابێ هات لەڕێی بنچای وادیارە برایم شوفێرە
خەزێمەکەی میقات و ڕێژە گەیشت لە شاری هەولێرە
وەرە دەرکەی بە قەمتەرە یاخود گڕی شقاتەی مۆم
وەرە کراسی مەلەسکەتان ڕوعلە فەندی دیاری کە بۆم
من چاوەڕێی کەند و سوگەو چاورۆك زەردی نێو بەستەی تۆم
کوانێ تورتورەی دێوەرە و کوا کیژو کارانی سەر گۆم
وەرە سەیری ئەو ئەرشیفە چەغەمیرەوە گۆمە خڕە
عەلیۆکی عەلی عەجەمت لە بەندێت دانا بەسرە
هەستە تیلاکی خۆت خوارکە خۆشترین حەیران بچڕە
وەرە سەر عارەبە ڕێیێ کەندو گۆمێ جوجەی پڕە
خدر حەیران ئەم دەڤەرەت بەزیندوویی خستە بەستە
هەرکێی گوێی لە حەیرانت بێ بەئاوازی خۆشت مەستە

وەرە لــە حوجران و كــۆڕێ لـــەدوا بەنــد بكـــە هەروەســـتە
ئــەی پەرتووكــی مێژوو توراس خەڵك بەكۆچــت زۆر پەسـتە
هەسـتە وەرە بەســەركەوە مامـــە خــدە گێڕاوگـــەی جـــاران
ســەرێك لەئازیكــەند دەوە جێـــی ســەرۆك هــۆزو ســـەرداران
ســــەرێك لـــە بەڕەخـــی دەوە لەبنگـــەو لـــە ڕەشمـــاران
حەیرانــی سەر چیایــی هەڵدە زۆر دڵخــۆش بــووی بەبــەهاران
حەیامێكــە ئــەو قەراجــە بــێ حـــەیران بێژێكـــی بـــەرزە
تا شایــی و گۆڤەند دابەستــێ سینە و كــەمەر بێنتــە لـــەرزە
خــدر حــەیران لـــەوێ نەبـــێ شایـــی پـــڕ كـــەلێنوو دەرزە
وای لــە ئازیكـــەند كـــردبوو كـــۆڕو بـــەزم و چـــوار وەرزە
مامــە خــدە گونـــد بــە گـــوندی لــە خــشتەیەك داڕشتـــووە
دەســـتی بـــە هــەموو شوێنێكـــی كوردســـتانا ڕاگەیــشتـووە
بــە هـــەموو سوگـــەو تـــەلان و باریكـــە ڕێـــدا ڕۆشتـــووە
بـەس بـۆ پوختـــی هونەرەكـــەی ئـــازاری زۆری چەشتـــووە
خـــدر حـــەیران ئیـــزن نـــادەن لـــە خدرجـــەو دێمەكـــاری
لــەجۆخینـــی دێمەكـــاری وەستابـــوون لـــە ئینتیـــزاری
نەیانهێــشت پــشـوێ بـــدا شـــاییان دابەســـتا لەدیـــاری
گـۆڤەندی بـۆ گـــەرم كـــرد بەســـتەی ئیـشق و ئەویـنـداری
بەستــەی یەكجـــار بەتـــامو چـێژ بــەتامو بـۆی كـوردەواری
هــەموو هادبوونــە گـۆڤـــەندێ دەركــەوت قەمتەرەیان واری

# دەنگی قەتێ

کـــــەندێناوە  ـەندین سـاڵـــــە
دێها تـت چـــــۆڵ و بەتـــاڵــە
گـوێ بیــست نـابم دەنگـــی قـەتێ
لـەئاسمان دەنگـــی ڕەنگـــاڵــە
لەئاسـتی جـــوانی دەشتەکـــەت
قـەڵـەم کــــۆڵ زمـانم لاڵـــە
زورگــــە زراوت لــــە باوەشـــەو
قــەرە چـــوغیـشم لــە پاڵــە
خــــۆشم   دەوێــی کــــەندێناوە
زێـــدی دەیـان هــــەزار ســـاڵە
ڕۆڵــەی دەشتەکـــــەت  بــێ کـارن
مــــەڕدارو جـــــوتیارو پــاڵە
حــەیران بێــژانت کــوا لەکـــوێن
نــوزەی شمـشاڵ لــــەو لا پـاڵــە
عـــەیف بـۆخـاکـــی بــە پیتت
خـەڵکــەکــەت خـەریکی ســواڵە
مـــــردنم زۆر پــێ خــــۆشـــترە
کـــەئەتبینم ئەبـــەو حـاڵــە
چـــــۆن کــــاربەدەستی وولاٌتم
دانیــشتوەو خـــــۆش خـــــەیاڵە
بــیری پـارەو ســــــەروەت و مــــاڵ

بەسەر بیرکردنەوەی زاڵە
بۆ هاوڕێ ی کۆنی ژیانم
کێوی پڕلە زەردە هەڵاڵە
دیسان هەڵی گرتوم خەیاڵ
بۆ قوتکو دوندولا پاڵە
بۆدوشمن سەنگەر چۆڵناکەم
قەرەچوغ تاتۆم لە پاڵە
خۆمن ڕۆڵەی باوەشی تۆم
لێرە هاتمە گەمەو گاڵە

# توخوا قەرەچوغ

توخـــوا قـــەرەچوغ نزمکـــە بـــالآت
شـــەفکە تـــە پۆڵکو گـــەری بـــەروالآت
مـــن دەگـــرم بەرگـــەی ناڵـــەو سـكالآت
دارە بەنەکـــەی ســـەوزی تێـــك ئـــالآت
ڕۆڵـــەی باوەشـــتم هـــەڵگری ئـــالآت
چـەن جار دانیشتم لەبەر بـەردە بێـر
چـەن بەرخ و کـارم بـۆ کـردی هـاوێر
چەن شەڕمان سازکرد بەدوو بەرخە نێر
پەیما نمان دایەك بەڕاستیو بێ فێـــر
تـــاکو ببیـــنم دەشـــتی پـانوپـــۆڕ
ببیـــنم یـاریێ چـــاوڕەش زولـــف شـۆڕ
تـــالێوە م دیـــاربێ بەژنـــی چنـــاری
لـــە نێـــو کیـــژۆران لـــە بـــەزمو یـــاری
کـــوتینی ســـینەی تێکـــەڵ بـــە خـــاری
چـــونکە کەتتـــە نێـــوداوی دڵـــداری
بیبیـــنم لـــە ســـەر بێـــری عەبـاســـی
کـــە لیمـــۆی تـــەڕە و پاڵـــەدا کراســـی
بەژنـــی شـــلکی لوســـە وەك ماســـی
بـــرۆی بـــاریکی تیـــژە وەك داســـی
یـــان مـــن ببیـــنم لـــە گۆمـــە درێـــژە
دڵ بـــەتیری ئـــەو دابێـــژ دابێـــژە

بــەس خــەمان بخــۆ داخــان هەڵڕێــژە
بــەژنم نەدیـــوی یــەکجار لـــە مێــژە
ئینجـا قەرەچــوغ تــەواو بــوو کـــارم
تێـــــرم دی دۆســــتی بـــــەژن چـــنارم
چونکــــە بەبـــرۆی تیـــــژی زامـــــارم
هەر تــۆی هاوخــەمم تــۆی کەســوکارم
توخــوا دڵ بەســــۆم نـــەدەی ئــــازارم

# باران و هەولێر

تەڕتکرد باران شاخ و بەردو تات
نویت کردەوە سەرتا پا وڵات
هەولێرت تەڕکرد قەیسەری و قەڵات
تۆرکەی لێو قەڵات واتوزەی دەرهات
موژدەی دا دەڵێ موژدە بەهار هات
زۆر دڵنیابە دوور نابم لەلات
قەت چۆڵی ناکەم بەردەمی قەڵات
هۆلاکۆ ویستی بتگرێ و هەڵات
بژی جوتیارو ئەدیب و مەلات
باران دابارە هەولێر جێ مێڵە
بەفرو بارانی بەسەر جێ بێڵە
لەمێژە خەڵك بەدواتدا ویڵە
هەولێر بدەبەر بەفرو ڕهێڵە
تەڕتکرد کلك و باڵی کەڵەشێر
تەڕتکرد دونگ و قۆچی بەرخەنێر
تەڕبو قەراجی وشك و گەرمەسێر
تەڕبو سەفین و قەڵاتی هەولێر
دونیات ڕەباسکرد دارودەوەن تێر
تەڕ بوو قەڵات و سەری منارە
تەڕ بوو بێستانە و دۆڵی هەنارە
چیتر پێم نەڵێن کەهیشکەسارە
باران واهوردهورد بۆخۆی دەبارێ
تەڕبو قەمتەرەو پێش دەرکی مارێ

مـــەڕمان دەرنەکـــرد لـــەنێو عەســـارێ
بـــاران ســـەردەوە تـــۆ جـــارناجارێ
تـــەڕتکرد چـــیغ و ســـوندێ ڕەشمـــارێ
بـــاران دڵ خـــۆشم تـــەڕت کـــرد شـــارم
کـــەوتنە دڵخۆشـــی شـــوان و مـــەڕدارم
خـــۆشتکرد هـــەولێر دەشـــت و بـــەهارم
ســـوجدە بژێـــری پەروەردیگـــارم
شـــوکرانە دەکـــەم بەدەســـت و زارم
قەرەچـــوغ تـــەڕبو لوتکـــەو کـــەلی شـــاخ
لەهیـــشکەســـاری بـــەداخ بـــوین بـــەداخ
تەڕبـــو بـــەردەبێر بەهـــەزاران بـــاخ
جـــادێین دەورت بەمە نجـــەڵ یـــا پراخ
گیا ســـەری دەرکـــرد لـــە کەنـــدو جۆمـــان
یـــان لـــەناو وەردو لـــەلێوە گـــۆمان
کـــژی هـــات بـــۆ جـــوت بـــەیارو شـــۆمان
پـــەیابو فـــرۆو مـــاستی تـــامو ســـۆمان
تـــەڕتکرد زورگ و دەرکـــی بازاڕگـــە
هیـــشکـــەسالْ ڕۆیـــی تێکینـــا بارگـــە
دونیـــا پڕکـــاردی و کەنگـــرو کـــوارگە
تـــەڕبو حـــەسارو کـــەو نەهـــەوار گـــە
تەڕبـــو بـــەرزایی بێـــژنگ بـــەســـەری
تـــەڕبو ڕەوەزو قـــوتکـــوناو گـــەری
ئاشی بـــایی تـــەڕبو ئـــەوبەرئـــەوبـــەری
تـــەڕبو مـــام شـــوان و قـــا پـــوتی بـــەری

# بارانی پایز

کـێ هەیە وەك من دۆسـتت بـێ بـاران
تەڕدەکـەی خـرتە و وەرد و بـەیاران
تەڕدەکـەی لـق و پـۆپەڵـی داران
زیاد دەکـەی ئـاوی دەریـا و ڕوبـاران
فەرش پۆش دەکـەی دونیـا بەهـاران
خـەندەت خستەوە لێـوی مـەڕداران
ئـاو دڕی لێـوی جـۆم و کـەنداران
جـەولەی خستە نیو کـۆنە هـەواران
توندی کـرد سوند و کـەژی ڕەشماران
پەیابوو جـەولەو تـەڕادێی سـواران
مـژدەی بەهـاری دا دۆسـت و یـاران
تەڕ بوو خەرماشەو گاسنی جـوتیاران
بریقەیـدا تـاتو شـاخ لـە نـساران
خـستوتنە سـەما تـەیر و تـەواران
تەڕتکرد گـەنم لـە کەونـە چـاران
پڕ بوون کـارێزو کەنـدی بەرمـاران
بۆیـە دڵخـۆشـم بـە خـوڕەت بـاران
بـوە ڕمـبازێی بەرخـۆڵە و کـاران
سـەیران کـەوتەوە سـەر لێـوو زاران
مەڕداریش مـەڕیان بـردە شـیوخواران

جـــا دەشـــتی قـــەراج بــدە بڕیــاران
تەڕ دەکــەی پوش و پەلاشـــو قەســەر
من چــەن بەو بۆنە شیـێتم ســەودا ســەر
جا چــوزەی تۆرکــە ســـەر دێنێتــە دەر
قاڕەی بزن و مەڕ بەرخ و کـــار لەبــەر
جــار جار گـــەوارە ئــەتکاتن خـــەبەر
خۆش دەکــەی ژین و هەوای دەشت و دەر
سـۆفە و جــوڕە دێن لۆ ســەر هـــەوێزێ
کیشـکە لە ســواندان ئەبەســتێ ڕێــزێ
دێ بــۆنی خـــۆڵ و پـــوش و پــەرێزی

# بەردی گەریە پوتە

ئەی بەردی گەریە پوتەی کەوتە ناو مێژوو ناوت
کەلای تۆ دابنیشی لاوەر دێتە بەرچاوت
بست بەبست کەندێناوە دیارە زەوی بڵاوت
دەیخەمە نێو هۆنراوە گەریە پوتە سڵاوت
لەقوتکولە بەرزایت گوێم لە دەنگی کەوەبێ
گوێم لە ئاوازی خۆشی قوڵتەی بن ڕەووەزەبێ
دڵم لێرە ئارامە جەستەم لێی تێر خەوەبێ
تیچاوم لە ئەوین و لەئاشقانی شەوەبێ
من لێرە غەرو گۆڕی با پیرانم دەبینم
گریان قورگی گرتووم ناتوانم دەنگ دەرینم
قەرەچوغ زۆر حەزەکەم دەست لە شاخت وەرینم
حەزدەکەم بەردی ڕەقت من بکەمە سەرینم
لەبەردی گەریە پوتە سەیری عەسارو غەران
دیارە خدرجەو لاوەر سەیری هەوری لە سەران
دیارە هەر کەوێ دەلال یان دوکەرێ کۆرکەران
تەوشی تراشم لێ دیارە تا هەرکەوێ مە نجەران
لە بەردی گەریە پوتەی لە ڕەشمارانم ڕوانی
سەیری مەڕێ گوندێمە لە عەردی دەخشێ وانی
گوێت لە زرینگەی زەنگۆڵو یخەو هڕەی مام شوانی
قاڕەی کارو بەرخان دێ ڕمبازێی بەرخەوانی
لە غەرێ مام قادری یەختیار وا کۆڕیان بەست

ساقۆی درێژیان ڕاخست گەمەی دامەیان دابەست
مام حمدمین دەرێ توخوا مام تەها ڕاوەست
لە مزگەوتی لاوەری فەقێ قورئانیان لە دەست
بەیانیەو گوێ بگرە ها دەنگی ڕەوە سوسکە
دەنگی کەلەشێری گوندی گاڕەی مریشك و جوجکە
لەناو حەوشەی مزگەوتێ ئەختیار خەریکی نوێژن
لەگەل مامۆستای گوندی خەریکی وتوویژن
بۆ هەڵەی کاتی گەنجی ئاخ و داخ هەڵەڕێژن
وتەکانیان زۆر خۆشو یەکجار بە تامو چێژن
کیژ داسوکیان دەست داێ کەمەك لە ماران دوورن
بەرامپیلیان بەستووە و گیای لۆ بەرخان دەدورن
سەر سەکۆی مزگەوتی دێ پڕ لە فەقێ و مەلابوو
دائیمەن ئەلەو گوندە دەنگی دەفەو سەلا بوو
زۆر میوانیان خۆشەویست میوانیان هەر لەلابوو
هەوای ئەو دەشت و چیایە زۆربێ دەردو بەلابوو
لەناو باخچەیان ڕامام توور و شێلمو پیازە
هەرکەس لەنێزیك باخچە واکۆلوعەوزی سازە
لە دەرا پشتی کۆلی قیژەی مراوی و قازە
دێکەم لەناو شعرم دای ناوت ون نابێ تازە

بەرواری١٦\٧\٢٠١٢

# بەفرو قەرەچوغ

قەرەچوغی بالابەرزم بەفر دایپۆشی شاخ
ئەو بەفرە سپیە چەن جوانە کەجارجار سەرلەتۆ ئەدات
قەرەچوغ بەفر بپۆشە ئەی کێوی سەربەرزی وولات
نیریە مامزی قۆچ قیتت ئێستا چەن دڵخۆشن لەلات
سەیری بەفری سپی دەکەین لەهەولێر لەبەرزی قەلات
بەفر ڕەوەزو پانکی گرت وشکە ساڵی ونبوو هەڵات
بۆ قەراج و کەندیناوە بەفری سپیت کردە خەڵات

# بەهار

لەنێو قەرسیلی بەرماران
پاش گەوارەو تاوێ باران
لەگەڵ بۆنی گیای بەهاران
خۆشەدەنگی بەرخو کاران
بەرخە نێر لە ڕاو ڕاوێندان
لەنێو گژو گیای خاوێن دان
بەرخە نێر قۆچ قۆچێنەکەن
غارەدەن تەڕادێ دەکەن
بەرخۆڵەی خوری نەرمۆڵە
دەتگرم لەباوشو کۆڵە
دێ خوڕەی کەندو جۆمیلکان
ئاوازی خۆشی سۆفیلکان
ئەم دیمەنە چ،ەند دڵگیرە
کوا لەو کاتە خەم لەبیرە
لەگەڵ کزە بای بەهارێ
کشت دەبی سوندی ڕەشمارێ
کۆلکە زێڕینەی کەسکو سۆر
لەگەڵ مێلاقەو گوڵی مۆر
قاسکو پەلکی جۆ پڕ ئاوە
لەسەر گوڵ هوردە خوناوە
گەنمو جۆ بون قۆپەن قۆپەن

لەگەڵ کزەی با لەگەمەن
لەدەشتی پڕ سەوزیو لەوەڕ
جارناجار دێتن باعەی مەڕ
دیمەنێکی دڵ ڕفێنە
بەڕاستی کە هەست بزوێنە
جامەڕ لەلەوەڕ دێتەوە
بۆناو گوند دەگەڕێتەوە
تێیبەرەدەن بەرخو کاری
کەتێر شیربون دەکەن یاری
بەس گوێت لەبەرخو کارەبی
چۆن مرۆڤ لێی بێزارە بی
یەك یەك مژینیان فێرەکەن
دوایی لێکیان هاوێرەکەن
جاشوان مەڕ ڕادە داتەوە
لۆ شیو خوارێی دەباتەوە
کوردەواری من ئەشقی تۆم
کەدورم هاوارتە لەخۆم

## بەهاری قەراج

بەهاری ڕەنگینی قەراج
لەئەند یشەو لەبیرمای
چۆن لە خەیاڵ ئەسڕێتەوە
لەمەزەندەو تەکبیرمای
کەفەرشی گوڵت ڕادە خست
هەمو کاتێ لەخەیاڵا
لەگەڵ گاگرۆی سوری تۆ
یان لەگەڵ زەردە هەڵاڵا
لەبەهارام
لەگەڵ عاجیلەو نیسان و
لەگەڵ زولفی ڕەشی یارام
کاتێ باسی بەهارەکەن
خەیاڵ ئە مهێنتە باوەشت
لای خەزێمەی زەردو گەشت
کەباسی گوڵی جوانەکەن
هەڵاڵەی تۆم لەخەیاڵە
مەستت ئەکابەهاری جوانی دەشتی من
بۆنی گوڵی سوری ژاڵە
دەشتی جوانی قەرا جی من
لەیاد ناچێ کاتێ بەرخو کاربەرەدەن
لۆمژینێی تێبەرەدەن

ئەم دیمەنەدڵ ڕفێنە
چۆن لە خەیاڵ ئەسڕێتەوە
یان بەردەبێری ناوتۆرکەو
مەڕدۆشینم بیر دێتەوە
ئەی دەشتە بێنازەکەی خۆم
قەراجەکەم
کاتێ شنەبایێ نەرم
فەرشی بەهار ئە هەژێنێ
ڕیشی عاجیلەوبەیبونو
گوڵی نیسان تێك داڵێنێ
بەو جوانیەت سەوداسەرم
گوڵە خەزێمو گاکرۆ دارو بەردی
دەنەخشێنێ
هەربای شەماڵ کاتێ ئەدا
لەقۆپەنی گە نموجۆدا
ئەی یەخیتە جولەو سەما
سەیرانی خۆش لە پانتای
دەشتی تۆدا
لەیاد ناچن
یان گوڵەبالآبەرزەکەی
گۆگەمم دێتەبەرچاوان
لەئەرشیفی خەیاڵما ناسڕێتەوە
دەبڕم سەت تخوبو ناوان

هوبەو ڕەشماری مەڕداری
دەشتی قەراجە جوانەکەم
لەبن ڕەوەزێکی پانکان
دەنگی زەنگوڵ تێکەڵ لەگەڵ
دەنگی شمشاڵی غەریبی مام شوانەکەم
بەڕاستی لە خەیاڵی من قەت دەر ناچن
لەیاد ناچن
لە ئەند ێشەما دەر ناچن

# بنەگەو ڕەشمار

ئێستا بناری قەرە چوغ دەنگی شمشارو بلوێرە
سەیری ڕەشمارو بنەگان مەڕو بزن لەبەر بێرە
قارەی مەڕ و بەرخ و کارە لەڕەشماران گوێڕا دێرە
وەرە سەیری بەهارێکە لەو قەراجە گەرمە سێرە
کێ بو دەیگوت: مەڕو بزنی نابینیەوە لە پەریزێ
کاروبەرخی تێبەربدەن هاوێریکەن لە هەوێزێ
دەڵێن: مەڕەزای نابینی بەرخۆڵەی بێخیە ئامێزی
گوتیان: قازو قورینگ لەئاسمان چیدیکە نابەستن ڕێزی
وەرە ئێستاکە سەیرکە گەنم و جۆ قۆپەن قۆپەنە
تیژکراوە پاڵتەی جەنجەڕبەسەردە کرانەوە شەنە
ئاوی پڕە سارێژە کا بیرەکەی مەحمودی سەنە
کەرە دێزە ڕەو هانبوە برسی نیەو ناگرێ جەنە
لەسەر سەکۆی مزگەوتەکان گاڵتەی گەنج و ئەختیارانە
بارانو هاتو دەروێنە وتەی سەر لێو زارانە
هەستت ڕاگرە لە ناو گوندی تەڕادەیی بەرخ و کارانە
ئێوارەیەو وامێگەل هات عەین دەرێی جاری جارانە

# پێدەشتەکەم

کـــــەدێمە  پانتـــایی دەشـــتت کــــەندێناوە لەبەهــــاران
گـوێم لـەدەنگی سـەگە بـۆرە دەنگـی زەنگـوڵ لــەڕەشماران
بڕوانـــە دیـــارە لـــەبنار ئاگــــرو دوکــەڵی شوانـکــــاران
لـەکاردیو کـەنگران ببینـە گــەمەو گاڵتـەی کیـژو کـاران
سـەیری دەشـتی ڕەنگینـو جـوان تـەڕادێنی ئەسـپ ســـواران
سـەیرکــــە مێگـــەلی مــەڕو ئـــاوازی جـــۆتەو شمـــشاران
وەرە کــــەمێك گــــوێ ڕادێــــرە لــەئاوازی تـــەیرو تـــواران
سەیری کـــۆڕی گـەرم و گـوڕی سەرسـەکۆی مامـە ئـەختیاران
باسـی ڕەشـگوڵ و گـــەنم و جـۆ کەوتنـــەوە سـەر لێـوو زاران
کەگـەیـشتیە بنـــار قەرەچـوغ گـوێ بگـرە لـەدەنگی قــەڵتا
ئـــــاوازێکی زۆر حــــــەزینە خـــــۆشی دێختـــەوە نێـــو دڵتـــا
دڵ جـــێ دەمـێنێ لـە بـەهار لـە نێـو بـۆنی گیـاو گـــوڵتا
والێم دیارە گـــوند بەگونـدو دەرکـی بازاڕگـەی مـام هـەینی
لــــەبەر چـــاوی مـن ئەودەشـتە هـەزار ئـەوڕو پایێ دەیـنی
لەگـــەڵ دەشـــتی قەراجەکـەم قەرەچـوغە شـورەو بـەینی
جـــوانی ئــەو دەشــتە ببـینی مـرۆڤ دەڕوات بـیرو زەیـــنی
لــــەمێژودا جێــی گـــــرتوە بیرەکـــەی مــەحمودی ســەنە
دایمەن  پـڕکـیژو کـارە بـوو لێیــان دەشوشـت ســەرو خەنــە
دەست بەرداری ئەم دەشتە نـیم تـاگیـان مـابێ لـەم بـــەدەنە
خـــۆدەشتی حــــەیران بێژانــە بــۆمن هەوارگـــەو مەفتەنــە
دەشــتی دەرســـو عــوجرەو فــەقێ دەشـــتی مـەلای ڕۆشـنبیرم

دەشتی شێخو مەلای زاناو پیاوی ژیرو بە تەگبیرم
ئەی کەندێناوەی قەشەنگم چرکەیەك ناچی لەبیرم
گەر دیفاع لەم خاکە نەکەم نەعلەت لەخۆمو لەشیرم
قوچەکو بەردت ماچەکەم کەندێناوە پێت خۆشحالم
سەربۆ هیچ کەس نەوی ناکەم قەرەچوغ سەنگەری پاڵم
ئەی دوشمنی دڕندەو پیس چاو نەبڕیتە سەرو ماڵم
ئەوینداری بەردو خۆڵتم ئاشقی ڕەوەز و لا پاڵم

٢٠١١\٩\٢٧

# ڕەوەز و دوند

مــن شــەیــدای دەنگــی قولْتــەو کەوتـــم
شــەیـــدای مامـــزی گــەلـــەو ڕەوتـــم
ســەرســـامی شـــاخ و بـــن ڕەوەزتـــم
ئـــاوی شـیرینـــی نـــاو هــەرکــەوتـــم
ئــەی قەرەچوغــی ســـەر بــەرزی ڕەنگــین
شـــاخ و رەوزی تەبـــەق و چـــین چـــین
خۆت نیشان ئەدەی چەن جـۆری نەخـشین
لای تــۆ جێــژوان بــۆ چـــەن مــەمو زیــن
ئێمــەین ئــاشقــی نـــاو دۆڵـــو گەریـــن
بــەردو شــاخــی تـــۆدەکەین بەســـەرین
خەلکــی خــدرجـــەو گونـــدی لاوەریـــن
خـــاوەنـــــی مــەڕوشـــــوان و زەریـــــن

# چەند پێت دڵ خۆشم

کەندێناوەکەم چەن پێت دڵ خۆشم
بە ئاو و هەوای باوەشت گۆشم
دوور لەدەشتەکەت جەستە نەخۆشم
قەت لەیاد ناچی لەبیرو هۆشم
بەزەویو خاکت من پەردە پۆشم
بۆ ئازادی تۆ زۆر تێدە کۆشم
کاتێ دەگەمە دەرکی زورگەزراو
دەشتی تۆم هەموو دەکەوتە بەرچاو
عریتەی کیژانی سەر بیرێ سراو
پڕمەی مامز و تاژیو ڕستو ڕاو
عالاو چیغلۆك و خدرجەو خۆشاو
جانەو تیالۆو ئاقاری گڕاو
دەشتی بێکەسم دەشتی بەش خوراو
لێم دیارە بەرزی و قوتکی ئاشی با
لانکەی ژینمی لە دڵمی بەخوا
کەدەغڵت قۆپەو بالای بەرزەکا
سفتو سۆو خەمی نیو دڵم ئەبا
لێم دیارە سەکۆو کۆڕی ئەختیارن
لەناوقەرسیلان ڕمبازێی کارن
لەبن قەرە چوغ هۆبەو ڕەشماران
کەرە مستانێو بەزمی ئێواران

گورز گورزانێی نێو کیژو کاران
هەرای تۆدەرو هۆهۆی جوتیاران
نوزکەی تاژیان ڕمبازێی سواران
نیعمەتی خوایی بەڕاستی باران
دەنا ڕەشبین بوم بەهیشکە ساران
گوڵ کرا دیاری بۆ ئەویندااران
دیارە دوکەڵ و ئاگری شوان کاران
یاخوا بتبینم وەك جاری جاران
وەك جاری جاران عەوشەو عەساران
دووربێ دەشتەکەم لەچاوو زاران
کانگای گەنم و جۆو مەڕو مەڕدارم
جوانیت وەسفەکەم بەوتەی زارم
کەچۆڵ بتبینم قورسەکەی بارم
کەچیم پێناکرێ زۆر شەرمەزارم

٢٠١٠\١٢\١٨

## حەیامێکە

حەیامێکە لەم دەشتەدا گوێم لە
بالۆرەو ئاوازی بێری نیە
حەیامێکە شنەی شەماڵی چێشتەنگاو
بۆنی خەزێمەی پێ نیە
ئاوازی گەروی شمشاڵی
شوانی دەشتی قەراجم گوێ لێ نیە
خەیاڵ ئەمبا بۆسەر مێژووی
بەرد بەبەردی ئەم دەڤەرە
کەبەروای ڕابوردویان زۆر لەسەرە
لەناو هەگبەی مێژوی ئێرە
دەست لەبەرۆکی ئەرشیفی
زۆرو زەبەندی زۆر کۆنی
ئەم کێوەدا شۆڕکەمەوە
هەتا مشتێ لەخەرواری مێژووی
بابو باپیرانم هەڵدەمەوە
حەیامێکە هەڵۆی تیژ ڕۆ و بەرزە فڕی
ئەم دەشتە سەر لێرە نادا
حەیامێکە لە پانتایی ئەم قەراجە
دێم بێ بارانی ڕێ نادا
گوێم لە پڕمەی مامز نیە
زۆر دەمێکە گوێم گوێبیستی

دەنگ بێژو حەیران بێژانی
دەشتی پڕپیتی قەراجیٚ نەبووەو نیە
بەزمو گۆڤەندو داوەتی نێو ڕەشماڵی
ئەم دەڤەرەم بیر چۆتەوە
لەنێو ئەلبومی خەیاڵم هەڵمگرتون
بەکوزرو سەرکۆتەوە
ئەلبومێکی ڕازاوەیە
پڕلەوێنەو بەڵگەی مێژون
لەئەرشیفی زەینی خۆمدا هەڵگرتوە
هەندێکی کۆن هەندێکی نون
ڕۆژیٚ ئەیکەم بە پەڕاوێك
ئەیدەم لەیەخەی قەرەچوغ
ئەیکەمە ناو کتێبخانەی
مێژوو توڕاسی ئەم دەشتە
زومی خەیاڵ ڕاناوەستیٚ و هەرلەگەشتە
جاوێنەی ئەویندارانی پاکی ئەم دەڤەرەی تیایە
وێنەی چەند هۆبەو ڕەشماڵی
مەڕدارانی بن ئەو قەرەچوغەی تیایە
وێنەی دەستی ماندوو کاری دروێنەو شەنەبای تیایە
وێنەی تۆدەرو جوتیارو خشت بڕینو سواقی
سەری خانوی تیایە
هەڵمگرتون حەیامێکە
بەکۆڵمەوەن حەیامێکە

# دابارە سەر کیوم

**کەهەورێ بارانی پێ بێ دەڵێم دابارە سەرکێو**
**کە قەرە چوغم تەر بکەی خەندە دێخیە سەر لێو**
**بۆهەلاڵەی زەرد و گەشت لە داخانا قورە پێوم**
**منم هەڵۆی قەرەچوغم بە تۆ زۆرسەر بەرزە نێوم**
**لەگەڵ فڕەی باڵی تیژم گەلاٚ دارە بەن ئەبزێوم**
**بە چریکەی تیژم لەم کێوە شاخورە وەڕز ئەلەر زێنم**
**بەسەر قەرەچوغ هەڵە فڕم لەسەر تیشە شاخە شوێنم**
**رۆژانە بەفرەی باڵم بێ دەنگی ئێرە ئەشکێنم**
**بەرەنگینی پەرو باڵم ئەو کێوەی خۆم ئەنەخشێنم**
**قەت قەرەچوغ جێناهێڵم تا سوری نەکەم بە خوێنم**

## دارەبەن

لە پیرە دارەبەنێکم پرسی
گوتم دەوەرە گۆ
لەمێژە بەتۆ ئاشنام
دڵگیرم بۆسەوز نابی
هاتە وەڵام لەنێو ناخی دڵی پڕ سۆ
گوتی: لەمێژە چاوەڕێی
دڵۆپ دڵۆپی بارانم
چاوەڕێی هەوری بەئاوم
تادابارێ بەسەر ڕەگو سەرچڵو پۆم
چاوەڕێی زستانی ساردی وەك جارانم
تا منیش زوو گەڵا دەرکەم
جوزە دەرکەم بکەومە خۆم
دارەبەنی سەر تە پۆڵکی قەرەچوغم
لەبن هەر ڕەوەزو تەڵخە شاخو ئەشکەوتێکە
چڵو تولەی خۆت بەڕێکە
من لەبیرو ئەندێشەمدا
سەدان ڕوداو ئەخوێنمەوە
لەگەڵ چریکەی هەر قوڵتەیەك
سەرسامەبم
لەسەر بەردی هەر تاتو ڕەوەزێکتا
مێژوی زۆرکۆنی با پیران دەخوێنمەوە

هۆنراوەی پێ دەهۆنمەوە
کاتێ هەلاڵە زەردی تۆ
سەر دەرەکەن لەناختا
لەگەڵ گاگرۆی شینو مۆر
کەشنەی با دەیهەژێنێ
هاتونە دەر لەدەرەزو لەشاختا
قەرەچوغ بەهارەکەی تۆ
ناگۆڕمەوە دڵنیابە
بەهەموو جوانی ئەوروپا
چونکە کە گیاو بەهارت بێ
تێر تیشکی ڕۆژو بارانە
تۆوی جوانیو قەشەنگی تۆ
لەنێو ناخی مندا ڕوا
چونکە دارەبەنی هاوڕێم
تۆ قەروچوغ قەلاو پەناگای گەلێکن
زۆر لەمێژە
بۆ ئازادیو سەربەخۆیی
چاوەڕوانە
ژێر سێبەرت جێی خەوتن و پشودانە
زیاتر لەشەش سەدە ئەبێ
لەنوسینمای
لەحەیران و لەبەستەو خەیاڵ و بیرمای
لەمێژە بەرزاییو کانیت

لەحەیرانا جێی گرتوە
لەمێژە هۆنراوە نوسان
هۆنراوەت بۆ دەهۆ نەوە
کۆڵی مێژوت هەڵگرتوە
مێژوی بونت دەخوێننەوە
کیژو کوڕانی دەوری تۆ
لەباوەشی گەرمو گوڕتا
گێژوان لەوێ دیاری دەکەن
بەهاران لەبناری تۆ
هەم شایی هەم یاری دەکەن
نەورۆزان گڕی نەورۆزم
لەکەل شاخی تۆ گڕەدەم
هێمای زیندوبونی گەلم
پیشانی خەڵکی دورە دەم
هەر بەردی بن ڕەوەزێکت
وەکو دوڕو گەوهەر وایە
هەر تاشە بەردو دۆڵێکت
بۆمن قەڵاو پەناگایە
بۆمەڕی عە پسەی چاو ڕەشم
هەم پاوان هەم لەوڕگایە

٢٠٠٨\١٢\٢٩

# ئێ برام سەرێ من دێشی

ئێبرام سەرێمن دێشی کاکە گەلەك نەخۆشم
لۆم بانگ کەنە دۆتمامێ لۆدیتنێ ی بە پەرۆشم
نەخۆشیی مردنێم بی بەدیتنێوی دڵ خۆشم
لەبۆ بەژنێ باریکی مرکو مارم دەفرۆشم
هێبرام گەلە نەخۆشم زامم کەتنە خەتەرێ
برێنە دۆت مامێ بابێ پە نجەم لۆ بێختە سەرێ
بەئارەقەی لیمۆیان تەرکا تن دیوی دەرێ
ئەو دکتۆری زاممە چۆلکەن هەڕونە دەرێ
سینگی بەخار بزربو زولفی ڕەش کەتەسەرێ
برینم زوخاوی لێ دێ درەنگو لۆنارد خەبەرێ
زامی نێو دڵم قوڵە دۆت مام نەدەی ئازاری
تیرێکت چەقاندە دڵ برینی جێهێشت سەرواری
تیرت ناو دڵی بڕیم بریندارم بە دژواری
دەخنێکم کچێ هۆ دوت مام لەدەریای ئەویننداری
دۆت مام دەشتی قەراجێ سێ سارە بێ بارانە
وەرە ئامۆزا عەزم لەجێژوانێ جارانە
جێژوانی کۆنمان لە پشت کۆزێ بەرخو کارانە
زولفی ڕەشی شۆڕبۆوە لەگۆی لیمۆی ئارانە
جێی داخە سینەی کوترات هەموو دەمێ وارانە
بەخوای ئیشقی منو تۆ لەسەر لێو زارانە
بەندو بالۆرەو شیعر بەهرەی ئەویندارانە

سوندێ دەخۆی ئەو لێوەت كوریكی بەهارانە
بەرمیلی بە پشتێ برد لۆسەر بیری عەباسی
بڕوانە لەرەی لیمۆی سەرگۆی دیارە لەكراسی
كچێ سە پانیم دورە دەچمە حەسەن برباسی
سەیری تورەگەی پشتێم سەیری قەیناغو داسی
ئەوسار ئەو كەندێناوە لەمن بەبنە كەبەرە
خدرجەو كاولە لاوەر لەمن ئەوبەر ئەو بەرە
من بەخوشكە گەورەكە لۆمنارد بەعسو خەبەرە
دەیگۆت دێم لۆ جێژوانێ بەس داكم بەخەبەرە
چاوەڕێیە لۆژوانێ كراسی تەنكم لەبەرە
لەگەر نوكی پێم داوێم مەمكم دەكەوتە لەرە
بەس چلە داكم بكەم دەرێی شورتەی خەفەرە
ئەوسار دەشتی قەراجێ لەمن بەبنە توتڕكە
ئامۆزا بەس بەو تیرەت دڵم هەڵدڕ هەڵدڕكە
لەسەر بیرێ عەباسی تاخیر بەرمیلان پڕكە
لە پشت كەلوكەی بیری ڕات دەموسم خۆ كڕكە
بەس شەمامەی باغەرێ سەرگۆیان تیژو دڕكە
بەهەموو قەلبم داهات تەزو لەرزو موچڕكە
بەس ئەو جوتە شەمامەی لەكیفی نایلۆن سڕكە
ئەوسار دەغرێ قەراجێ داپپۆشی گورە زەردە
مارێ بابێ حەیرانێ لەخڕە بەردانیان هەردا
چۆنبو دەشتێ قەراجێ نیوەی بەیارو وەردە
بمرم دەورەی ڕەشماریان چەقێنو تیشە بەردە

بای هوڕە نەیسوتێنی ئەوسینە نەرمو زەردە
قوربان لچکی چەفیەکەت داییپۆشە بەرەردە
ئەوسار دەشتی شەمامکێ لێکرا چانتدیان دەرە
قەدیف وەرە جێژوانێ لەناو دەرەم لۆ وەرە
کراسی وەك پەڕی مێشێ تەنکو تەسکی لەبەرە
قەنەفر لەسینگی زەرد دەکا ئەوبەر ئەوبەرە
چەفیەکی بەژەنگیانەی بەنەقشیشی لەسەرە
لەگەر ڕۆینێ لەسوخمان شەمامەی کەوتە لەرە
لەئاقار لاوەری ئەوسار سوڕناتك زۆرە
دەولکی دێختە بیرێ بیرێ گوندێمە قۆرە
لاوەر مەڕیان خۆشدەوێ هەمووی عەسارو هۆرە
دەولکان ڕادەکێشا لەگەل ڕەندێ بەنۆرە
مەمکی لەکیفێ نابو ڕەق دەتگۆ تە پەدۆرە
لەگەر تۆزێ دۆرابی زولفی زەردی بەخۆرە
کەبەو چەشنەی دەبینم نەمینێم چاوم کۆرە
کراسەکی تەنك لەبەر هەمووی بەنەخشو گۆرە
مارێ بابێ ڕەندێ من ڕۆیشتن چونە ڕەشماران
دەستی دەدا چارۆگێ بەفێرێ پوشکەو داران
گۆتی خۆت بێخە سوگەی نەمیەخیەی دەوزاران
لۆخۆت سینەم واراکە بۆنبکە خەتو خاراران
هەتیم زووبە خلاس بە هات شوانێ بەرخو کاران
دەچم لۆ ئازیکەندی دیۆخان لەبرندو بەرزی
لەسەربیرێ عەباسی سەیری کۆترۆکەو دەرزی

دەولکی ڕادەکێشا زەردە لیمۆی دەلەرزی
لەهەمووکیژێ گوندی درێژترو بالابەرزی
ئازیکەند لەتەلانی زۆر بەکارێزو گۆمە
دەچیەلای گۆمەدرێژەی گەلەك بەکەندو جۆمە
جۆمێ سەر ڕێ ی دووسەرەی کەونە جێژوانێ خۆمە
ئەگەر هوڕێنان دەکەم خزمینە مەمکەن لۆمە
کێخوا برایم هاتیمە لەبۆم گاسکەیە بابی
ئەوئیشەی من عاسێ یە بەتو نەبی چانابی
کێ هەیە لەو قەراجەی وەك تۆ ژیرو دانابی
بەخوا ئەو ئیشەم لای تۆ لەوانەیە سانابی
جوابی لەبۆ لەبۆدەناردم بابم ئەوشۆ شەوینە
پاش نوێژی شێوان وەرە دیاریەکەشم لۆ بینە
سینگی خۆت تەسلیم دەکەم جۆت شەمامان دەرینە
سمێر بێخەبن بسکان دەست لەملانم وەرینە
مەمکم قەندێ شنۆیە لەڕۆنێی لەلەرینە
سەی بەگەر مەڕی دێخم پاش نوێژی پێت هەرینە
وەرە ناو کۆزێ کاران دەرکەی گەورەو بەرینە
گەیشتیە مرازو مەخسودان لاوە چاوت هەرینە
ئێبرام سەرێ من دێشێ لاوەر کەوتۆتە چاڵی
زوزوو وەرە جێژوانێ باجێژوان نە بێ خاڵی
زولفی ڕەشی قەترانی بەستای لەبن دەسماڵی
خودا بیکا بەنەسیب تێرخەو ببم لە پاڵی
لاوەر بەهاری خۆشە دایە کاردیو گلێخان

**لەچاوەڕێی یاریّ بوم لەڕێییێی حاجی شێخان**
**بابی هەرڕازی دەکەم بەنوشتەی مەلاو شێخان**
**ئێبرام گەلە بریندارم بەتیری ناو زەرێخان**
**عەوزو کۆڵی پڕدەکا توشی بوم لەسەر بیریّ**
**گوناعە دۆستی کچەکەم بەرمیلی پیّ هەرگیریّ**
**ئەو پەنجە نەرم و سپیە دەولکی پیّ وەرگیریّ**
**لەغەری مام قادری دیارە عەوشو عەساریان**
**لێم دیارە کوندەرانو کۆزیّ پڕ بەرخوکاریان**
**خانیان جزیریە لەبەرچاومە هەواریان**
**دیارە دەراوو بیریان چەی پڕ داروباریان**

# ڕێژنە

هەور هاتە ئاسمانت قەراج دەس بەنوزامە
لەخواى دەپاڕێمەوە بەزار بەنوکى خامە
لەگەڵ بیروڕاى خەڵکت هاوهەڵوێست وهاوڕامە
بێ گوڵى گاگرۆى تۆ بەهار لە من حەرامە
گۆمەکەى سێ قونیچکت بەتارە چەن حەیامە
لەخودا دەپاڕێمەوە کەندوجۆ بێختە خوڕە
چەن دڵخۆشم ببینم ساڕێژە گۆمەخڕە
کیژ لەکارێزێ گوندى ئاوێ ببەن بەسڕە
هەرکەوێ قەرەچوغى ببینم هەمووى پڕە
ڕەشماڵ ڕێزێ ببەستن لەبنارى خڕەبەردان
جوتیار گاسنى تیژکا گەنم وتۆى بێختە فەردان
قەراج قوڵت لێ هەرکە هاتتبێ وەکى مەردان
بارانى پەرەى لێبدا جامەڕ زوودێتە بەران
شوان بچنە شەو بەکێو ڕێکخەن هەوێزو غتەران
وەکو جاران ببینم کەڕکو قاپوت لەبەران
باران بێخیەوە گوڕێ کفریو کوڵکە کەبەران
توخوا قەراج هەرکەوە وەك جاران بایێ ڕێژنە
قەراج بداتە هاتان ئەوکات لەبۆمن جێژنە
ڕبەى بەگەنمى وەنێ ئەوەى بێ مارو بێ ژنە
دەریان بینى لەخەمێ ئەوەى بەتەماى سێ ژنە
شوانکاران لەخەم بێخى سازکەن کەڕەمستانێ

گوێمان لەشمشاری بێ لەناوحەمەگوستانێ
عەسران باسی جۆتی بێ لەسەر سەکۆی دیۆخانێ
نان وقەسپی عازرکەن لەگەرمەتارەی ئاوێ
کەڕوتێڕی عازرکەن مەتارەی بێخنە ناوێ

# ڕێوی

سەحـــــەرێ ڕێـــوی لــــەلێوی كــــەندار
ســـێبەری خـــۆی دی بـــەزلی لـەخـــوار
گـــوتی بویمـــە شـــێر مەزنـــو ســـەردار
وەرزی هاوینـــە نـــەك پـــایزو بەهـــار
گـــوێی قیـــت ڕاگرتبـــو كلكـــیش بەرەوخـــوار
بـــێ لێكـــدانەوەو تەگبیـــر و مـــشوار
ســێ عــەیبی هــەبو لــەڕیش ئــەوە چــوار
كـــە ڕۆژ بـــەرزبو ســـێبەر هـــاتە خـــوار
زۆری بـــــرسیبو زگ كـــــەوتە هـــــاوار
ســەیری دونیـــایی كــرد بەهــەر چــوار كــەنار
ڕێـــوی دانـــی نـــا بەهەڵـــەی ڕۆژگـــار
گـــوتی بـــێ مـــشوار داشـــت نەكـــەی ســـوار
گـوتی هـــــەر ڕێویم بۆی دەرچـــــو بەغار

لەسەر پەندێكی كوردی دانراوە

٢٠٠٩\٧\٤

# بۆ قەراج

داخـــەکەم جـــیم هیـــشت زیـــدی بـــا پیرم
شـــەرتبێ قـــەراجم نەچـــی لـــەبیرم
قـــەراج هیـــشکە ســـاڵ بیـــزاری کـــردم
بـــۆ چـــۆل کـــردنـــت ناچـــاری کـــردم
فـــرۆشـــتم نیریـــو بـــەرانی قـــۆچ پـــان
گونـــدم بـــەجێ هیـــشت بەچـــاوی گـــریان
کـــەسێ نەگەیـــشـــتە هـــاواروە فـــریام
بـــۆ وولاتـــی خـــۆم تاشـــل بـــو گـــریام
گـــوتم ئـــەی گیـــسکو بـــەردیلی چـــاوڕەش
وولا ت خـــا پورو میـــلەت چـــارە ڕەش

٢٠١٢\١\٤

## سمی مامز

نازانم بۆخەیاڵی من لە پێدەشتی تۆ سوڕەخوا
ئێستا گوێم لە پرمەوچرپەی
سمی باریکی مامزە
کەچەن بەئەشپای ئەڕوا
گوێم لەفڕەی ڕەوەسوێسکەی
ئەم دەشتەیەو
دەنگی قرقرەی گەردنی شۆڕە مەڕە
دڵ شەیدای ئەو بەهەشتەیە
دەتوخوا ئێوەش گوێ بگرن
گوێتان لەقاسپەی کەونیە
لەگەڵ من وێنەی هەڵبگرن
لەسەر چیلەی دارەبەنا
ئەو ڕەوە قولتە نا بینن
بە چریکەی گەرووی پڕ ئاواز
لەقەد ڕەوەزا ئەخوینن
ئەم کێوەیان پڕکردووە
ئاوازیان چەن چڕکردوە
سەیری ڕەوە پەڕەسێلکان
سەر کارێزی ئەم گوندە لە
گوێ بگرە لە دەنگی گەروی
پڕ ئاوازی ڕەنگالەکان

ئێرە ئەو دەشتە ڕەنگینە
پێدەشتی حەیران بێژانە
گوێت لە دەنگی حسن حەیران
یا دەنگی خدر حەیرانە
ئەم پێدەشتە پڕ فەقێ یە
ئیستاش هەروا دەنگی فەقێ
لە گویم دا دەزرینگێتەوە سەدایان دێ
گوێت لە فڕەی دەنگی بالی
قازی بازار نەگرتووە
قۆچ قۆچێنی بەرخە نێری
دونگ شۆری ئێرەت نەدیوە
قەت گوێت بۆ شل نەکردوە
بۆیە وا بەستەی ئێرە نی
بۆیە وا بەستەی ئێرە نی
گوێت لە بەندو لە بالورەی
بێری ئەم دەشتە نەبووە
یا گوێت لە بەندی سە پان و
تێلە کێشان نەگرتووە
کۆزە پانەی ساوار کوتانی
هاوینی ئەم دەشتەتان نەبینیوە
بۆیە وا بۆی ئالودە نین
چونکە وەك من نەتان دیوە
وەکو من بۆی ئالودە نین

# بۆ ( مەحەمەدی ) جوانە مەرگ

چـیت لـــەژینم کـــرد دەردو نەخـــۆشی
لـــەخێزانی مـــن ڕات مـــاڵی خـــۆشی
بـەنیوە چـــەری زۆر کـــارم جـــێ هێـشت
فـرمێـسکم لـەبۆ کـــۆرپەی ســـاوا ڕێـشت
توخـــوا دایـــەگیان ســـۆز داربـــە بۆیـــان
وەکـــو مـــاچ کـــە چـــاوو برۆیـــان
دایـــەگیان ئەرکـــی زۆر ت لەشـــانە
بـــۆ مناڵـەکـــان جلـــی جـــەژنانە
دەسگیرانەکـــەم دڵ پـــڕ هیـــواو ڕاز
دوو خـوشکی فـەقیر بـێ کـەسو بـێ نـاز
توخـــوا خـــوشکینە ڕۆژێ لـــە ڕۆژان
گـــەر دڵـــی ئێـــوەم خـــستبێتـە ژان
داوام عـەفـــو وەو گـــەردن ئـــازا بـــون
بـــراش لـەخـــوشکان چـاوەڕێی عـەفون

٢٠١٢\١٢\١

# حاجیله و بەییون

واسـەریان دەرکـــــرد کاردیـــــو گلێخـە
دەبەهــــار فەرشــی جــوانت ڕابێخـــە
کوردوســـتان وەکـــو بەهەشـــت هەڵبێخـــە
تێــــکئالاّ شـنگــــو دانـەدەرزیلــــە
گـــاگرۆی ســـوریش مـــوژدەو دەلیلـــە
بەهــــار زوو نـــەڕۆی ئامـــان دەخیلـــە
عـاجیلـــەو بـــەییون بـــەرزیانکرد بـــالاّ
خونـــچەیان دەرکـــرد ڕیـــشیان تێکئـــالاّ
قـــەراج خـــۆی گـــۆڕی بـــۆ ئـــالّو والاّ
نیـــشت پەڕەسێلکـــە لـــەلێو کـــارێزان
کاریلـــەو بـــەرخ کـــەوتنە ئامێـــزان
قـــورینگ لـــەئاسمانێ بەســـتیان ڕێـــزان
لاولاوەی بـــۆن خـــۆش هاوێـــشتی تولـــە
لـــەناو کـوریکـــان ســـوڕا پە پـــولە
قـــازی بازاڕیـــش واکەوتنـــە جولـــە
تـــۆرکە بڵنـــدبو ونبـــو بەردەبێـــر
مـــەڕو بەرخۆلـــە لێـــك کـــران هـــاوێر
تێکـــەڵ بـــون گوڵـــە خەزێمـــەوکنێر

# گردی گۆم

عەمرو عەزیزم گوندی گردی گۆم
هە تاکو مردن من قەرزاری تۆم
تۆ وەك شەریکەی ئاسن وابوی بۆم
گردی گۆمەکەم خاوەن کەندو جۆم
ئە گینا لە شار من ببوم بە دۆم
ئێستا خاوەنی سەدان عەربە جۆم
جاچۆن پێم دەکرێو دڵم ڕێدەدا
ڕۆژێ لەڕۆژان لەم خاکە بڕۆم
فێرە گۆشت باڕکەی پەروەردەی خۆمم
فێری پەبیرو ماستاوی تام سۆم
خەمبارم ئەکا کاولیو چۆلیت
لەدوریت هاوڕێی خەمو داخو سۆم
من لە دایکبوی نێو باوەشتم
گردیگۆمەکەم تروسکەی ئاسۆم
من ئەڕۆم بەسەر بورو بەیارت
زۆر بەهێزەبێ ماسولکەو ئەژنۆم

٢٠١٠\٦\٢٥

# گوندەکانم

بـۆجـوانی دەشتەکـەت شێتـم
ڕێبواری بـاریکـــــە ڕێتـم
من بست بەبست شـارەزاتـــم
گـەر نەشهێم بەدڵ لـــە لاتـم
مـن ئەشقـی مـــەڕو مالاٌتـم
شێتی دەشتــــی بـەر والاٌتـم
خـولای بێرو بـەردە بێـــرم
خـولای قاسپەی کـەوی نێرم
لەبیری دەرکی بازاڕگـــــەم
زۆر تامەزرۆی ئەو هەوارگـەم
قەت بەرنادەن سـەر خـەیارم
خـاوەن گـاوەرەو کــــەندارم
یـان لاوەر و دێمـــە کـــــارم
یـــا چیغــلۆك و چـەغەمیرە
خدرجـــە تۆشـــم لـەبیرە
عالایە یان دارە خـورمـــــا
سـەرم لەجوانیتان سـوڕمـا
قەپران و جـانە و کـاریتـان
یاقوچـــە یا حـاجی شێخان
حـەسەن برباســـە یاجانە
سـەید عوبێد و دوو شیوانـــە
یاخـورمەرەو چـــل هــــەوێزە
لـەبن زورگـــــە زراوی ڕێـــــزە
تەلــــــەر خێم و مـەلا قـەرە

میلهۆرتی پڕ قەمتلەرە
کۆزە پانکە یان چەلتوکە
کەندیناوە دەڵێی بوکە
سۆفی سمایل و لهێیان
بریا چۆڵ نەبا لەوێ بان
مەلاکاغە یان تیکالۆ
ئەی دەشتەکەی پڕ گەنم وجۆ
دییەگە شاری ڕەنگینم
جیێ ی داخە چۆڵت دەبینم
ئەی کەندێناوە جوانەکەم
ئەی مەفتەنی باوانەکەم
دەڕۆم لۆ بێژینگ بەسەری
تالێم دیاربی گەری گەری
قەراجیش ئەو سەر ئەو سەری
قەراج دیارە لەغوباری
من دەڕوا نمە دوگرتکان و
ناو محێجیلەو مشاری
یان دەڕوا نمە پارانیان و
یان دەرکی بازاڕگەی واری
قەرەچوغ زوو خۆی دەگۆڕی
کەیەك تاو باران بباری
هەرکەوی پڕ ئاو دەبنەوە
لەمەمکە و کانی حاجیاری
ئاوی کانی خەزەرانیش
فێنکە روی لەنساری
ئاوی ناو کانی کۆلانیش

زۆر باشـــه لۆ جـارو بــــاری
یان ئاوی کانی تـاریکــــــەی
نێزیکـــی کـونـــیٚ کـەمتیاری
ئـەو ناوچـەیە گەلـــیٚ خۆشە
خـۆ بەدیۆخانو ئەختیــــاری
سەیری ئەودیو ئەودیوەکــــەی
سەیریکـە هۆبەو ڕەشمـــاری
خـۆشەدەنگــــی پیر مــەڕی
یان تەڕادێی بەرخـو کـــاری
قوچەسپیلکـەیە و پونگــینە
تـادەچیە ناو گـردە چـــاری
عەلیە ڕەشـو بـەردی ســپی
جیٚ یان گـرتیە لەبنــــاری
من دەبینم کـەلەشخـــــانی
دووســەرەو دوازدە هــەواری
قـۆشەنەو کـونە ســیخوڕەیە
قــەســـران دیارە دارو بـاری
گـــــەڕە سۆرو پیداو وسـوان
تـادەچتە کـەندیٚ شاســواری
گـوندەکانم زۆر لەبیر کــــرد
هەر ئۆندەم لۆ کـردنە دیاری

# غەر و ڕەشمار

سەیری غەریٚ ڕەشماران بەرخوکار لەناو کۆزیٚ
کوریك و بەییون هەرار سەریان دەرکرد لە تۆزیٚ
موژدەی بەهاریان گەیاند ئامادەن بۆ نەورۆزیٚ
قاز و قورینگ لە ئاسمانیٚ بەستیان خەتو ڕیٚزیٚ
بیٚری کاریلەی ساوای گرتە باوشو ئامیٚزی
پەڕەسیٚلکە سوڕاوە ئاوی برد لە کاریٚزیٚ
ئینجا سەیری بەهاری قەراجی پان و پۆڕم
ببینە گوانی مەڕی کوردی بەرزی گیٚ شۆڕم
گەر مردم توخوا یاران با لە قەراج بیٚ گۆرم
چەن بەلەزەتو خۆشە شەویٚکی بن ڕەشماریٚ
نوزکەو عەچەی سەگە بۆر قاڕەی چەن بەرخوکاریٚ
کاتیٚ گاگرۆ و نیسان ڕیشیان لە قەد یەك داریٚ
میٚگەل قەرەچوغیان گرت لە سەریٚ هەتا خواریٚ
قەرەچوغی ببینە سەیرکە گەری گەری
بەرگی سەوزو ڕەنگینی گولٚ و گیای کردەبەری
قاسپەی کەو دەستی پیٚکرد لەرەوەزیٚ ئەوبەری
بیٚری مەڕ گوانی پڕە بیٚخەبەریٚ مە نجەری
گیاوگۆر بەژنی برند بو قەرچوغی گرت تەواو
لەبن رشمارٚیٚ داندرا کوتکی داری پڕ ماستاو
گولٚ پۆشە دەشتی قەراج هەتاکو حوکمەکا چاو
بور و بەیارانی داگرت بەییونوگولی لاو لاو
٢٠١١\٦\٢٧

# قەت جۆلت ناکەم

قەت چۆلت ناکەم ئەوجارە لاوەر
ئاشقتم وەکو خورشید بۆخاوەر
زەویت دەکەمە ڕەش گوڵ بۆ ساوەر
قوچەك بەقوچەك جێ نێلم داوەر
نێو قەرەچوغت کردوە بەلانە
زەویو ئاقارت لەبەر دلأنە
دەورت ئەشکەوتو شاخو کولانە
کەمێك لەنزمی دەورت تەلانە
لاوەر ماچەکەم من بەردو دارت
ئاشنام بەدۆڵو دەشتو بنارت
شەیدام بەخۆشیو جوانی بەهارت
شادم کە دێمە سەر زەویو زارت
گوندێکی بچوك کەمێ لە چاڵی
چیای قەرەچوغ نوستوە لە پاڵی
بەڕاستی لاوەر جوانو دەلالی
کەشخەو دڵ تەڕن گوند ماڵ بەماڵی
ئاوەدان دەکەم حەسارو غەران
شەنەی دەردێنم دەچمە کەبەران
دەگەڕێم بەدوای مەڕی بەبەران
شەوینم دێخمە ناو گەری خەران
دەچمە ناو غەرێ حەمە گوستانێ

قا پوتی دەبەم لەبەر بارانێ
چایەم دێخمە سەر ئاوی چەکمانێ
هاتمەوە لاوەربکە پێشوازیم
بەدارو بەردو قوچەکت ڕازیم
ڕەت مەکە لاوەر هیواو داخوازیم
بگە هاوار و فیغانو گازیم
دێم خۆم هەڵدەکەم دەگرمەوە قوڕ
دەستەکەم بەخشت دەردێنم خشت بڕ
کاریتەی دێخمێ لە پاڵ یەکو پڕ
دێمەوە سەر جێ ی با پیرانی خۆم
دەکەم خزمەتی خرتەو وەردو شۆم
خۆمن پەروەردەی نێو باوەشی تۆم
لاوەر باوەشت والاکەوە بۆم
دەچمەوە شەوین سازدەکەم غەرێ
قا پوتی دێخمە سەر پشتی کەرێ
سواقیش نایەلم لەبۆ سەر پەرێ
قوڕم پڕ کا کرد لۆ دیوی دەرێ
هەوێزمان ماری قشپلمان دانا
قشپلدان پڕبو زۆر سوکو سانا
بۆڕی سۆبەمان دەرکرد لەسوانا
باخچەی سازەکەم تەڕە دەچێنم
لاوەر سەوزەکەم داری دەڕوێنم
لاوەر تۆ دەبیە دوا جێگاو شوێنم

لەسەر بەردێکت بابڕژێ خوێنم
بێ مەڕی ناکەم بنارو کێوت
نایەڵم ون بێ ئەوجارە نێوت
بێ دەغلو دان بێ بەرزیوو نشێوت

٢٠١١\١١\٢١

# قەراج هاتم

قەراج هاتم بەلاّم ئەمجارە چیم بینی
نەگولێکی گاگرۆم دی نەقۆپەنێ گەنم بینی
نەقارەی بەرخم گوێ لێبو نە تەلەگیایێ بەشینی
من نەمزانی قەراجی من بۆچی واهە لساوە قینی
قەراج هاتم بەلاّم چیم دی ئەو بەهارە
بەڕاستی قەراج نەمزانی ئەوسالیش خۆهیشکەسارە
نەمزانی کاولانت قەراج ئاوا بێ چیغ و ڕەشمارە
گۆمەکەی سێ قولینچیشت ئاوا خالیەو بەتارە
دارەبەنێ نەهاتە گۆ بلێم بۆ دەرناکەی چرۆ
خڕەبەردان بهێنمە گۆ بلێم کوا سورەگاگرۆ
مەڕەعە پسەش نەهاتە گۆ بلێم کوانێ ماست و فرۆ
بەڕاستی قەراج خەمبارم هەزار داخ لە بۆدەشتی تۆ
حەیفە کەسادت ببینم لەسەر گەنمت دەکرا گرۆ

# قەرەچوغ

قــەرەچـــــوغی بلنـــــدو ڕەنگـــــین
قەرەچـــــوغی شـــــورەو پەرژین
لــەگـــــەلی بەدێـــــژایی ژیـــــن
گەرنێمـــــەلات دەبم خـــــەمگین
کێـــوی خـــۆم بەدریـــــژای ژیـــن
خـــەلك دێـــو دەڕواچـــین بەچـــین
تۆپـــــەلت نایەتـــــە لـــــەرزین
شـــــاخێکت نایەتـــــە لـەقـــین
بـــــەبینینت ئـــــەبم دلـــــشاد
زۆر یـــــــادەوەریم دێـتەیـــــــاد
ئـــەی شـــورەی دوو دەشـــتی کەســـاد
ئـــەی کـــێوی وشکـــی بـــێ مـــراد
کـــــاتێك دێمەتـــــە پۆلکی ســـــەر
یـــان بـــەرزایی بێـــژینگ بەســـەر
لێـــوەم دیـــارە ئـــەوبەر ئـــەو بـــەر
یـــان ســـارداوی کـــانی خـــەزەر
لـــێم دیـــارە دەرکـــی بازاڕگـــە
دیـــسان تێـــکم ناوەبـــارگـــە
بارگـــەم تێکنـــا هیـــشکە ســـارە
قەرەچـــــوغ کـوائەوبەهـــــارە

هەر خۆر بارانو غوبارە
وشکی بەس بەردتت یا قوتە
چەند جار گیاو پاوانت سوتا
دوشمن تۆ قیوە بە ڕوتا

# قەڵاو پشتیوانەکەم

سەنگەری ڕۆژی تەنگانەم
قەرەچوغ سوپەرو لانەم
پەناگای ڕۆژی تەنگمی
سەنگەری شەڕو جەنگمی
ئەی کێوە بەرزە جوانەکەم
ئەی قەڵاو پشتیوانەکەم
چەن بەو قوتکانە دڵ خۆشم
دایگرتوە بیرو هۆشم
خۆ ناعەزان تۆقیون لێت
لەڕەوەزو باریکە ڕێت
ئەی لەوەڕگای مەڕدارانم
مەنزەڵگای کۆڕی یارانم
قەرەچوغ خۆشەویستمی
نازانم کە گوێ بیستمی
من ماچەکەم بەردو شاخت
تێدەگەم لەهەستو ناخت
کە پێ دەنێمە سەر بەردت
بۆندەکەم هەڵاڵەی زەردت
هەرچەند بێ دارو سەوزایی
بۆمن قەڵای لەبەرزایی
قەرەچوغ کاتێ ئەتبینم

ئەی سەنگەری مانو ژینم
ئەزانی چەندە دڵ خۆشم
چونکە بەهەوای تۆگۆشم
ئاشقم بە قوتکو لا پاڵ
لەباوشت ها تمە گڕو گاڵ
چەندە دڵ خۆشم بەدۆرت
بەگاگرۆی مۆرو سۆرت
بۆمن بەهێزترین چەکی
تۆبۆمن دەستو مەچەکی
باهەموو خۆشەویستی بین
خۆشحاڵی هیواو ویستی بین
مەفتە نمی ئەگەرچی وشکی
لەگەڵ سەفین دەستە خوشکی
ئەگەر شاخت بهاتبا گۆ
با پیرانم ئەناسن خۆ
ڕێیواری شاخو بەردت بوون
ئێستاش والەباوەشی توون

# کەندیناوە

ئەی کەندیناوەی بوکی بەهاران
باخی گاگرۆ و زەردە هەراران
بنار قەرەچوغ چەندە دڵگیرە
باعەی بەرخ و کار لە نێو ڕەشماران
لەبن ئەو کێوە بنەگە و بارگە
هەڵدەن لەنێو گوڵ و گوڵزاران
شوان دانیشتووە و بە پەنجەی ماندووی
شمشار دەچرێ بەڕووی نازداران
سەیری دیمەنی بێری و مەڕ دۆشین
دەتباتن لە بۆ نێو سەد خەیاران
قارەی بەرخ و کار لەو بنار کێوە
چەن خۆشە ژینی شوان و مەڕداران
چەن خۆشە پشووی ناو ڕەشمارو چیغ
ئەو کاتەی بەگوڕ ئەبارێ باران
هوردە خوناوی هورد دادەڕێژێ
قاڕەی پیرە مەڕ دێ دەنگی کاران
دەنگی بارانی بە گوڕ سەر بەکڵاو
بە هاژوهوژ کەوت کەندێ بەر ماران
کاتێ گەوارە ڕۆیشت بەرەو خوار
جا سەیری برقەی شاخی نساران
ئەو خەڵکە دڵیان وەك ئێستە نەبوو

سەت جار خۆزگەمان بەجاری جاران
من لەبەر دەشت و نسارت مرم
ئەی کەندێناوەی جێی شۆڕە سواران
لەو بنار کێوە تەڕادێ و بەزمە
سەیری تەڕادێ و ڕمبازی سواران
یەك پارچە دەشتت پەردە پۆش گوڵە
ئەی کەندیناوەی مەنزلگای یاران
سەیری قەرسیل و جۆخینی گوندی
یاخوا نەکەویە بەرچاوو زاران

# کێوی سەرکەش

تائـــەتۆم هـــەبێ قـــەت دانـــامێنم
لەژێـــر ســـێبەرتا گـــەنم ئەچـــێنم
دەشـــت پـــارێزم بـــەگیان بەخـــوێنم
لـــەبن ڕەوەزت ســـەر خـــەو دەشـــکێنم
بەداخـــم ئێـــستا ســـەرت تـــەڕ نـــابێ
گـــوێم لـــەدەنگی کـــار باعـــەی مـــەڕ نـــابێ
گـــەنمی قەڵـــەوو جـــۆی شـــەش پـــەڕنابێ
مـــەڕدارم ئـــەوها بـــێ لـــەوەڕ نـــابێ
دڵ تـــەنگم کـــەلێت دوور دەبم جارجـــار
مـــن کـــەلێت دووربم دەچـــێژم ئـــازار
کـــاتێ دەبیـــنم لەبـــەرزی بـــۆ خـــوار
هۆبـــەو ڕەشمـــارە دێـــتن دەنگـــی کـــار
ئـــەی قـــەرەچـــوغی بـــەرزو بڵنـــدم
ئـــەی پاســـەوانی هـــەزاران گـــوندم
ئەشـــکەتو لوتکـــەت ســـەنگەری تونـــدم
ئـــەی قـــەرەچوغی بـــەرزو ســـەرکەشـــم
پـــشتو پـــەناگای گـــەلی بـــێ بەشـــم
تـــاکو تـــۆم هـــەبی هـــەر هـــەموو هەشـــم
خـــاوەن هـــەلاڵی زەردو چـــاو گـــەشم
ئـــەی قەرەچـــوغی پـــڕ بـــەرزو هـــەڵدێر
ئـــەی شـــورەی پـــۆلای قەلاکـــەی هـــەولێر
کێـــوی ســـەربەرزم دەشـــتی گـــەرمە ســـێر
پـــەناگای خـــەڵکی قـــەراجی بـــوێر

# لێرە ئارام ناگرم

دڵم لێرە ئارام ناگرێ کە بەجێم هێشت ئەو هەوارە
لەباوەشت نەبم لاوەر خۆم دەبینم وەك ئاوارە
دەبێ وەك کێو خۆ ڕاگربم هاتوەو هەڵەی ڕۆژگارە
بۆ قوچەك بە قوچەکی تۆ لاوەر دڵم بە ئازارە
هەر بستیو کەندێکت لاوەر بۆمن جێی چەن یادگارە
گەر بەجەستەش دوورم لەتۆ ناوتم هەر لەسەر زارە
چاوم هەر لەدەشتەکەتە لە جۆتو دورنەو تەبارە
ئەگەر ماوەیەك لێت دوورم لەمن وابی هەزار سارە
ئێستا خۆ کاتی سواقدانی سەر بان و دارو دیوارە
لێم ببورە ئەی گوندەکەمنارۆم بەس چارم ناچارە
ئێستا کاتی مەڕ زاینو قارو قوری بەرخو کارە
کویرایم دێ کەدەبینم سەر حەوزو کۆلم بەتارە
بۆ بەعس ئێرەم چۆڵنەکرد چۆلکردنت جێی ئازارە
بەرگەی گەلێ ئازارم گرت پێیان گوتم تاقە مارە
بەس پێشینان ڕاستیان ئەوت سوارێك بەقەت هەزار سوارە
چەن دڵ خۆش دەبوم لە پانکان کە دەمدیت مەڕ ڕولەخوارە
یان لەناو گەری بەسیلێ لەناو داری جنە نارە
توخوا لاوەر دڵگیر مەبە ناتبینمەوە و دوواجارە
لاوەر یەك داوام لێت هەیە لاوەر گیان دڵم نەشکینی
زۆرم خزمەت کردی لاوەر ناوم لەمێژوت دەر نێنی

## مامزی قەراج

**مامزی دەشتی قەراجم چۆڵی دلم سوارەکا**
**هیشکی ئەم دەشتی قەراجە سمی پیم بریندارەکا**
**هیشکەسالی نیو هەرکەوو گۆمم لێ بەتارەکا**
**کەس نایێ خەممان سوك بکا هەرچی دێو خەم بارەکا**
**بەهاری کۆنم دیتە یاد قورگو گەروم تارەکا**
**برسیتی بۆ تەلە پوشێ قۆچم سەرەو خوارەکا**
**هەرچی دێو سیرەم لێ دەگرێ باقە نەجمە سوارەکا**
**مرۆڤ بەس لە پیناو پارە ڕاوێژو مشوارەکا**
**کوانێ پارە زامی قولی خاکو مەفتەن چارەکا**
**کاری نەشیاوی مرۆڤە گیانداران بێزارەکا**
**کا خەلکی دەشتی قەراجێ وەکو جاران کارەکا**
**کوا مەڕدار وەکو پێشترێ شەوینو شیو خوارەکا**
**خزمەتی ئەو خاکە ناکا هەر چۆل دەکاو بارەکا**
**جهود ناکە بۆ ئەو خاکە خۆی تەسلیم ڕۆژگارەکا**
**خوێنی گەشی شەهیدەکان بێ ڕێزو خەسارەکا**
**سەر سەکۆی مزگەوتەکانیش بێ مامە ئیختیارەکا**
**جێ ژووانی جێی ئەوینداران بێ ئاشقو دڵدارەکا**
**جێی کۆڕی لاوانی گوندیم بەبێ تیلاك خوارەکا**
**حاشا لە جل وبەرگی خۆی چۆغەرو شەروارەکا**
**حاشا لە لبادو مافوور بە لێفەو بەر مارەکا**
**سمێری پاك لێ دەتراشێ خۆشی حەیابارەکا**

شێره ژنەکەی خۆی لێ زیادە دێ یەکیدیش بارەکا
دەبتە  پاسەوانی کەسێ خۆی بێ زەویو زارەکا
کەسێ ئەکاتە گەورە خۆی خۆی بێ مەڕو مارەکا
سبەینان ئەینێرتە فڕنی ککم شەدەی لارەکا
کە بوی بە خزمەت چی یێ باش خۆی لێ مشتوارەکا
وەرە لەو دەشتە میر بووی دێکەت ئینتیزارەکا
گەر نەگەرێیتەوە دێکەت شار ژینت دژوارەکا
ئەزانم گوێشم بۆ ناگری پارە زارت لارەکا
مامزم هەر ئۆندەم زانی کورتیو عەییوو حارەکا

# مەخموور

مەخموور چار دەو ری گوندە
ماستی زۆر سافو توندە
یان هێلکەی مریشکی قوندە
یان پەنیری بن کو ندە
هەندەی نەڵێین بە هەندە
ماستم دەوێ و بە چەندە
لەهەولێر چوین بە پەندە
بەماستی تۆزو گەندە
مەنجەر پاك قەسەر بەندە
خەمباران دێختە خەندە
خەڵکیان خانە خێو مەندە
کاریان بێ فێرو فەندە
یان شیری ژێر سەوە شیر
یان ماستاوە یا دۆی تیر
یاقەیماغە و یان فرۆ
یان ماستی مەڕی تام سۆ
یان ئەستورکە بە لۆرە
یان کەرەی مەشکە سۆرە
بژی شارۆچکەی مەخموور
ماستیان بێ فێر قسور
توریان شیرن و مۆرە
نە قانگەو نەکلۆرە
توریان زۆر بەناو بانگە
تەڕو شیرن و بێ قانگە

# من هەڵۆی شاخم

من هەلۆم و هەڵۆی دەشتی گەرمەسێرم
لەقەرەچوغ هەڵەنیشتم بەسەر قەراجا چاودێرم
فیری گەرمای گەرمی ئێرەو فێری ئاوی تاڵو سوێرم
لانم لەتاقو ڕەوەزە زۆر ئەشقی شاخ و هەڵدێرم
من قەرەچوغم خۆشەوێو ئەنیشم لەسەر تی شاخا
اوەیەکە خەلکی ئیرەگوئ بۆچریکەی من هەڵناخا
کەقەراجی چۆل دەبینم هەر وەختە شیت بم لەداخا
دەبێ کەی بێ ئەو قەراجە فەرشی گوڵم لەبۆ ڕاخا
جار ناجارێ هەڵەنیشم لەسوچیکی قەلاّی مەخمور
ماڵ بەماڵی ئەو شارۆچکە ئەبینم لە نزیك و دوور
یادی قەسرانی جارانو بۆنی گولی ڕولکی سوور
هەڵە فڕم بۆ ئاوی بن بەرد ئەنیشمە ناو دوکانی تور

# ناسۆرو ئازار

لـــەکام لادەســـت کـــەم بەســـۆو ئـــازاری
کـەندێناوەکـــــــەی شـــــــۆخ و دەلالم
بـــچمە نـــاو مێـــژوو زۆر بەناچـــاری
مێـــژوێکی کـــۆن ســـاڵی شەســـت و ســـێ
خـــــەمی دەرناچـــــێ بەوشـــــەی زاری
چ تالأوێکیـــان بـــەو میللەتـــە چـــەشت
لـەمێـــــژوو دیـــارە جێـــو ئاســـــەواری
کـــواحەمید ڕەحمـــان یـــا ئادەمـــە ڕەش
زۆر بە پـارێـــــزو زۆر بـــــە ووشـــــیاری
دەرسێکـــــی وایــــان دادا بەدوشـــــمن
بـــۆ تـــاریخی کـــورد کردیـــان بـەدیـــاری
نـــەیان هێـــشت دوژمـــن لـەخـــاکی تـــۆدا
بخـــواو پـــاڵکـــەوێو بکـــەوتە یـــاری
لـەئاســـــت نەبـــەزی و قـــارەمـــــانیان
مێــــژوو هەســـتە بـــە شـەرمـــەزاری
ئـــەو قەرەچـــوغەو بـۆکـــردن بەگـــۆڕ
نـــەو هێـــشت پـــاڵکـــەون بەبـــەختیاری
هەرکـــەندو جـــۆم و شـــاخێ بینیـــە گـــۆ
شـــاهیدن بۆیـــان بـــۆ شـێرە ســـواری
نەوهێـــشت بـــەفیڕۆ بـــڕوا خـوێنەکـــەی
هـــەینی بـازاڕگـــــەی کـــەلی دەر واری

چاوتان لەسێرەی سەمینۆفە گرت
ڕۆژتان لێکردن بەشەوی تاری
بەڕاستی ئێوە شایستەی ڕێزن
ئێساش ئەوبینم زۆر بە خەمباری
پێشمەرگەی برسیو تینوومانەدوی ڕێ
گوتان بەدوژمن لەجێگای باران
ئینجا بەسەرتان گولە دەباری
نەیان هێشت لەودیولەودیو قەرەچوغ
وولآت تالآنکەن بخۆن بەهاری
قۆناغی چەکو کردبو بەسەرین
تا بە دوشمنو گۆڕی بڕیاری
لەژێر نەعرەتەی گولەی ئێوەدا
داگیر کەران و بۆ گۆڕ ڕاماری
لەسایەی شەڕو ئازایی ئێوە
خۆشبەختی بەسەر ئێرە داباری

٢٠١٠\٧\١٥

# نێریە مامز

نـــێریە مـامـــزی ڕەنـــدی قـــۆچ بـــەرزم
ئـــەی دیـدەبـانـــی هـــەرسێ چـــوار وەرزم
لەئاســـت جـوانی تـۆ سـەر لـــەسەر ئـەرزم
مـامـــزی تیـــژ ڕۆی بـــە جـولـــەو لـــەرزم
مـامـــزی بـــەرزو گـــەردەن لـە پێـــشـم
گـــەردەن بـەخـــاڵی تیـــژڕۆو بـەکـێـشـم
جـــوان و قەشـەنگـــی ســـەرنج ڕاکێـشـم
خـۆشحاڵـــم کـــاتێ ئـــەرۆی لـە پێـشـم
ئـــەو قـەرەچـوغـــەم بـۆئـەنەخـــشـێنن
کـەئـەلـەوەرێـــــــن کـەئـــــــە پڕمێنن
یـــان کـــاتێ نێـــری قـــۆچ لێکـەخـــشـێنن

## هەڵۆیێ بام

حەزم دەکرد هەڵۆیێ بام
بفڕییام بەسەر بەرزایی و
تە پۆڵکو قوتکی چیاکەم
قەرەچوغە سەربەرزەکەم
تابەرد بەبەردی ئەم کێوە
بەنەوەی نوو ئاشناکەم
لەسەر شاخو ڕەوەزێکا هەڵبنیشتبام
قەراجی کاکی بەکاکیم لەبەرچاوبا
ڕەشماری بنارم دیاربا
وەکو ساڵەکانی زوو زوو
کۆزیان پڕلە بەرخو کاربا
هەڵفڕییام بەسەرهەمو دەشت و گوندێ
پانتای دەشتی قەراجا
یان بنیشتبام لەسەر دوندێ *
ڕولەدەشتی پانو پۆڕی کەندێناوە
سالآنێکە خەیاڵی دڵ بەم دەڤەرە هەڵنەفڕیوە
بابیرم نەچێ ئەم ناوە
جا ئەو دەشتەم لەبەر چاوبا
دەرکی بازاڕگە لێم دیاربا
لێوەم دیاربا قوتکی بەرزی زورگە زراوم
چەن خۆشە دڵم کە کاتێ

ئەودەشتە دێتە بەر چاوەم
قەرەچوغ بەسەر پانتای
پێدەشتی تۆ ڕاکشاوە
قۆپی گە نمی پڕئاوی تۆم
لەبەر چاوبا
کەشنەی با دەیهەژێنێ
کەکیژو کار بەرامپیلیان لەشانو مل داکشاوە
جوانیەکەت ئەی کەندێناوە
هەربنوسم کۆتای نایە
لەسەر تە پۆڵکێکی بەرزا
گوێم لەحەیرانی
ڕەسەنی ئەم دەشتەیا بگرتبایە
کەمێك گوێم بۆ بەستە بێژو
حەیرانی زۆر زۆر ڕەسەنی
ئەم دەشتە هەڵ بخستایە
٢٠٠٩\٣\١٤

# هەورە ڕەش

هەورە ڕەش دیسان واکەوتە بۆڵە
بەفرو ئاوێکی زۆری بەکۆڵە
لە هیشکە ساڵی دەسێنێ تۆڵە
دەیڕژێنێ بەسەر چیا و دەشت و دۆڵە
دەکەونە یاری کار و بەرخۆڵە
پێدەچێ باری پڕ سەرما و سۆڵە
بیڕژە بەسەر دەشت و بەیارە
بزر کە چاوی ئەو هیشکەسارە
کەندێناوەکەم بێ بەرخ و کارە
گۆم و کارێزم وشك و بەتارە
خۆشحاڵم دەکەی بە نمەی ووردت
هەرچی خەفەت و خەم هەبوو بردت
هەرچی بۆ بەهار پێویست بوو کردت
بەساردی وەرە دابەزێنە تەم
ئاشقتم زستان وەك وەلی بۆ شەم

# هەولێرەکەم

چــەن بچــیە قولآیــی مێــژوو جێگـــــای شـــانازی هەولـــێرم
شــاری جـــۆو گەنـــم و میـــوەم شـــاری پــڕلەخێـــرو بێـــرم
سەیری سەیرانگای چــواردەورت گـــوندو بێــری و بەردەبێـــرم
سەیری ڕەشماڵ و چیغــانکەو قــۆچ قۆچێنـــی بەرخــەنێـــرم
لەســایەی خواوخــاکــی تۆیە برســی نــیم وهـــەردەم تێـــرم
هەم خــاوەنی زەوی ڕاســتم هــەم خـــاوەن بــەرزیو هەڵدێـــرم
هەم خــاوەنی مزگەوت ومەلام هــەم خــاوەن کەنیــسەو دێـــرم
هەم خــاوەن کێوو کوێــستانم هــەمیش خــاوەن گەرمەسێـــرم

# هیشکه ساڵی قەراج

دەنگی زەنگوڵ لەگوێم نایە
شمشاڵێکیش نوزەی نایە
دەڕوا نمە پانتایی دەشتت
بەهارەکەی وەك بەهەشتت
نە دەنگی بێری نە شوان
نەزرینگەی قەیناغی سەپان
کەلوکەی بیرم ڕوخاوە
چرکەیەك نایێ لەم ناوە
کوا ولاغو ئەسپو زینم
ڕەوسەی پڕ گەنم نابینم
ئەی شۆڕە مەڕی کەویسار
بۆتۆ لەکتوێ بێنم بەهار
ئەی شۆڕە مەڕی کەویسار
گەرچی وشکن دەشتو بەهار
بەس جێم نێڵن بۆ دوا جار
هاوار بۆ ئەو دەشتە هاوار
بەرخە نێری شاخ بەقەفم
بۆ برسیتیت بە ئەسە فم
بەرزە نێری مل بە گورینگم
قیژەی نایێ قازو قورینگم
کوا نایێ باعەی بەرخو کار

ڕەشمارم نابینم لە بنار
پەروەردیگار بۆ تۆ هاوار
تاچاو دەبینی هەر چۆڵە
هەرکەونە ئاخوڕو کۆڵە
بۆخۆم باهەر بەم بۆڵە
دەبێ خەم بدەم بەکۆڵە
خوێنم زۆر ڕشت لەبۆ بالآت
تا ڕۆژێ ببینم ئالآت
بەس زیڕەی هات مەڕو مالآت
داخم بۆ دەشتی بەر والآت
زڕەی بازنی بێری نایێ
چێشتاو مەڕ لۆ بێرێ نایێ
بریا ئەوڕۆم نە دییایێ
لەکوێ بێنم داندۆکو دۆ
لەکوێ بێنم ماستی تام سۆ
ئەی مەڕی عەپسەی چاو ڕەشم
با ماچتکەم لە باوە شم
کوا ئاوی ساردی کوندەران
کیژی جوانی پێش قەمتەران
نابینم هەوری لە سەران
کوانابیستم نرقەی بەران
بەتاڵن لەودەو جێ جۆخین
لەم دەشتە دێتن بۆنی خین

نــەمبینی قـــۆمەتی قـەســـەر
بــۆتۆ هــەزار داخـــو کـەســـەر
قــــەراج بەســـــە داخــــم زۆرە
خـــــەمی دونیـــــام وا بەکـــــۆرە
خـــەڵکی قـــەراج گـــەرو تـــارە
خـــەمبارە بــــەو هیـــشکە ســـارە
چــــی بکـــا لــــەم مــــەڕو مــــارە
لێـــــی ونبـــوە ڕێگــــــە چــــارە
دێ چـۆڵـــــە کـــــات ڕولەشـــارە
دەســـــــت بــــــەرداری زەوی و زارە
چـیت بەسـەر هیناویـن نەهـــات
کـــێ بەهانـــای وولاَتـــا هـــات
چــــەن نــــاڕێك و لاســەنگـــــیە
وولاَتـــــی بـــێ مــــەڕ و مـــالاَت

# هێی براگەلە بریندارم

جوابــی لــەبۆ لەبۆدەنـــاردم بـــابم ئەوشـۆ شـــەوینە
پاش نوێـــژی شـــێوان وەرە دیاریەکەشـــم لـۆ بینـــە
سینگی خۆت تەسـلیم دەکـەم جـۆت شـەمامان دەرینـە
سـمێر بێخـەبن بـسکان دەســـت لـــەملانم وەرینـــە
مەمکـــم قەنـــدێ شـــنۆیە لەڕۆنێـــی لـەلـەرینـــە
سەی بەگەر مەڕی دێخـم پـاش نوێـــژی پێـت هەرینـە
وەرە نـــاو کــــۆزێ کـــاران دەرکـــەی گـەورەو بەرینـــە
گەیــشتیە مــرازو مەخـــسودان لاوە چـــاوت هەرینـــە
ئێـبرام ســـەرێ مــن دێـشــێ لاوەر کەوتـــۆتە چاڵـــی
زوزوو وەرە جێـژوانـــێ باجێـــژوان نـــە بـــێ خاڵـــی
زولفی ڕەشـــی قـەترانی بەســـتای لـەبن دەســـماڵی
خـــودا بیکـــا بەنەســـیب تێـــرخەو ببـــم لە پاڵـــی
لاوەر بەهـــاری خۆشـــە دایـــە کاردیـــو گلێخـــان
لەچاوەڕێـــی یـــارێ بـوم لەڕێییێـــی حاجـــی شێخـــان
بـابـــی هـــەرڕازی دەکـــەم بەنوشـــتەی مـەلاو شێخـــان
ئێبرام گـەلـــە بریــنـــدارم بەتـــیری نـــاو زەرێخـــان
عەوزو کۆڵـــی پڕدەکـــا توشـــی بـــوم لەســـەر بـیرێ
گوناعـــە دۆســـتی کـچەکەم بـەرمیلی پـــێ هـــەرگیرێ
ئەو پە نجە نەرم و ســـپیەی دەولکـــی پـــێ وەرگـیرێ
لەغـەری مـــام قـــادری دیـــارە عـــەوشو عەســـاریان
لـێم دیـــارە کـــوندەرانو کـــۆزێ پـــڕ بـەرخوکاریان
خانیـــان جـزیـریـــە لەبـەرچـــاومە هەواریـــان
دیـــارە دەراو بیریـــان باخـچـەی پـــڕ داروباریـــان

# ئاداری بێ دۆ

قــەراج ئــادارم بــێ دۆیــە
دەشتم بێ گوڵــە گاگـــرۆیە
عــەزرەتم جــــامێ فرۆیــە
یاجامێ ماستی تـام ســـۆیە
نیسان بێ فەریکــە جــۆیە
لەدەرکی بازاڕگــە وەســتام
لەکەندێناوەی خۆم ڕامـــام
لەنێو خــەمو دەردو زامـــام
ئەبەو هیشکە ساڵیە دامـام
بینــیم قەرەچــوغ نەچـــڵێ
نەســەوزایو زەردە گــولـــێ
نەباعەی دێ مەڕە قــوڵـــێ
قەرەچوغ بەم دەشــتە بڵــێ
خەڵکەکەت دڵیان دەکـوڵێ

٢٠٠٩\٣\١٧

## حەیران ٢

حەویران دەنگۆ بەچاوێ من بڕۆننێ ڕومەتی بەبریق و باقی
شەوقی لە مانگ و ئەستێران بڕی

بۆنی ئەو دەستڕۆکەی بەمن گەلە خۆشترە لە
عەتر و بخوران وەکی سەر برۆ و ڕوومەتانی
پێ دەستڕی

زەین بدەنە ئەو یارێ گچکۆکەم پەرچەمی ڕەشی
چاوێ سەقەری دوو برۆی ڕەشی پڕی

## حەیران

دەرێم بریا بەهەزار بریایان کوریکەك
بومایە لەکوریکی گاگرۆیێ
شینببام لەسەری زورگە زراوی ڕوم لەکەندێناوەی با
بەرامبەر جانەو تیکالۆیێ
بەرکی یارم لێی بڕوانیبام پەرچەمی سۆری بەریان بدابا
سەر برژانگ و برۆیێ

## حەیران

مارێ حەیرانێ شوانکارەنە لەدەشتێ قەراجێ
سبەینانی سارده سەرمای
دەبی لەبن ڕەشمارو غەرێ

نایگەمێ لەبەر بەتکاران بکەمەوە کلیێ سنجاقان
سمێر تێکەر کەم لەگەر شازولفو بسکان بەدرێ خۆم
بۆنکەم شەمامە شەمامەی باغەرێ

ئەو بوارەم لەسەر ڕاوەستە خۆ قەراج هاتە
حەیران هەرمەگرە خەمان شەرتو وەعدبی
لەناو خەمانت بهینمە دەرێ

## حەیران

دوێنێ ئێوارێی گەیشتمە بەژنەکی باریکو قۆلی سپی
پڕ بازن نەمزانی نەڕاستە نەخەونە

گۆتم حەیران لەترسی داکو بابو لۆمەیێ عالەمێ
نەبی لەبۆت دەگۆڕم گواران دەستوری گەلە گەلە کەونە

هێ کچێ عەزیزێ بەدرێ خۆم لەمێژەم نەدیتی دەزانم
داکت گەلەکت ماندی دەکا لەبۆی هاویشتیە دارێ
مافورو تەونە

## حەیران

عەسرە گەوارەکی هینا تەڕیکرد
دەرکی بازاڕگەی بیرێ مەحموودی سەنە

دەیداوە لەمەڕو ماریێ حەیرانێ کۆزێ بەرخو کاران
سوخمەی گۆر گۆری ئەو زولفی سۆری بەخەنە

ناوەلا دەرێم تەڕیدەکردەوە خاریێ ڕومەتێ
قۆڵی سپی پڕ بازن برادەرینە بەخودای
گوارەو ژێر چەنە

## حەیران

بوارە ماریێ بابێ حەیرانێ ڕەشماریان هەردا
لەسەری بەردو بێ بەردی

پێریێ پێشی بارکردنێ لۆم هاتە ژوانێ
هەرم مشت بنێ مەمکۆران مۆری و مەرجانێ
گەردەنێ زەردی

حەیران بەخودای نازانم ئەتو بندیانی مەرزانی
ئۆمەربلی یانە گەردی

## حەیران

دەرێم سبەینەیە لەکێندەرێت بڕۆنمێ
حەیران لەغەریێ مام قادری

تەندوری پێوەدادا بەو قامکو بە نجە نەرمانەی
نەمینێم سۆربوە لەبەر هەرمێ ئاگری
قەولە ئێوارێم لۆ بێتە ژوانێ بۆندەکەم زولفو شازولفان
هەرمژم خارێ گەردەنی ڕومەتێ سۆرێ گور گوری

## حەیران

حەیران درێمن گەلەبەکەسەرە دەشتی قەراجێم لێ چۆلە
لەسەر گۆمە درێژەی دەنگێ کیژو کارنم لێ نایە

ئەوساریش قەراج نەهاتە خۆزیە بمردبام دەشتی
قەراجێم بەبێ سەرو پەرچەمێ سۆرت قەت نەدیتبایە

کۆچو کۆچباریان تێکنا مارێ حەیرانێ چونە کێستانان
نازانم چیغو ڕەشماریان لەکێ هەردایە

## حەیران

دەنگۆ بڕۆننە دەشتی قەراجی ڕەنگین دایە
نەهاتی مارێ بابێ حەیرانێ لەمن چۆلە

حەیرانە گچکەلانەکەی من دیارنیە لەبەر
دەراو و بیرێ کێشتانان بڕبکا عەوزو کۆلە

حەیرانێ من لەناو هەموو کیژو کاران دیارە
پەرچەمەکی ڕەش گوارەی سێ گۆیە دا یمە قامکی
بەئەنگوستیلەو بازنی لەقۆلە

## حەیران

ماریٚ بابیٚ حەیرانیٚ لیٚیان دەناوە ئاوادەبون لەزورگەزراوە
لەبەستی ئیفرازی هەریاندەداوە لەکەورە سوٚری

دەنگوٚ برننە حەیرانیٚ من دەریٚ ی شیٚوەرە پەرچەمی
سوٚری بەخەنە گرتیان سەرسوخومەی گوٚر گوٚری

زەینی خوٚبدەنیٚ قامکی بەئەنگوستیلەی ناوەلا بازنو
بەربازنان لەباسکو قوٚری

## حەیران

ئەدی ئەمن نەمدەگوٚ حەیران پەرچەمی سوٚری بەخەنەی
لەمنیان بزر کرد چاوو بروٚی

ئەمن ڕوومەتی دەشوبهیٚنم بە شوشەی گوراوی چاوو بروٚی
بە سەقەری سەر هەردوو گوٚی بە کوریکە سوٚرەکانی گاگروٚی

حەیران دەبا ئەمن کوریکەك بام شینببامە لە قەدیٚ
هەییە سوڵتانی سەبارەتی بە دوو چاوو بروٚی ڕەشی
سیٚبوریێ دریٚ خوٚم بەری خوٚم بدابا ناو شاری کوٚییٚ



لەڕاستەوە بۆ چەپ

نایناسم دوەم شێروان شەیدا  حاجی سعدولاشێخانی سەرهەنگ مەلا محمد



**لەڕاستەوە بۆ چەپ**

**حاجی عوسمان ئۆمەربلی حاجی سعدولاشێخانی سەرهەنگ مەلا محمد**

# بەشی
# ئایینـــــــی

# مناڵان لەدین

جوانە دونیای مناڵان
دەبانن لەنێوکاڵان
ئەوان هەڵگری ئاڵان
بۆ ئیسلام بەژنو باڵان
بابەو دینە گۆشیان کەین
بەدین پەردەپۆشیان کەین
دڵشادو دڵخۆشیانکەین
نەوەك فەرامۆشیانکەین
لەڕێی ڕاستی ئیسلامە
پرسیار کوا بێ وەڵامە
دەوای هەرهەموو زامە
دینی ئاشتی وسەلامە
ئیسلامە ڕاستەڕێ یە
ئەخلاقی جوان لەوێ یە
چرای تاری شەوێ یە
دورگەی علم ئەوێ یە
باقورئانێ لەبەرکەین
دونیا لەخەو خەبەرکەین
چرای ئەودینە هەرکەین
دونیای پێ سەوداسەرکەین

# میهرەبانە ئەودینە

**قورئان دەستوری ژینە**
**تیای نیە رقوقینە**
**دادو یەکسانی هینە**
**دەستەملانی وەرینە**
**جێت بەهەشتی بەرینە**
**ئیسلام دەمان پاێزێ**
**ئەخلاقمان لەبێڕێزی**
**بابڕو ینە ئامێزی**
**بینە مەچەکو هێزی**
**زانستی بێ سنورە**
**ئیسلام ڕوناکی ونورە**
**درۆی تیا خەتی سورە**
**بۆگەلان ئەپتە سورە**
**بۆدڵان ئارامگایە**
**بابگرین ئەوڕێگایە**
**دین جوانترین ڕێگایە**
**بەرمەدە ئەو دەرگایە**
**لێرە دواڕۆژت ڕونە**
**جێی ئارامی دەرونە**
**یاسای جوان بێ نمونە**
**دەنا بێ سەرو شونە**

# بەختیارم

**لە ژیان توشی هەڵەبوم بەلام ئێستە بەختیارم**
**محەمەدم پێشەوایە و ڕوو لە خوای پەروەردگارم**
**بەزەیی و ڕەحمی خوا نەبێ سەر بڵند ناکەم شەرمەزارم**
**عەفوم نەکا دەرباز نابم لەڕابردووی چەوت و خوارم**
**ئەی پێشەوای کار دروستم من چاوم لە قاپی تۆیە**
**ئەگینا ژینی پڕ هەڵەم بەشم هەر گریان و ڕۆیە**
**زۆر شەرمەزار و ڕووڕەشم هەلەمکرد لەکاتی خۆیە**
**وامدەزانی نامرم و تاسەر هەر ڕۆستەمی زاڵم**
**قەت ڕۆژێ پیربوون و مردن نەهات بەزەین و خەیاڵم**
**ئێستاش وەکو تەیری نەخۆش بێ هێز بووە قاچ و باڵم**
**بیرم لەو ڕۆژە نەدەکرد زۆر زیادم دەدا بەرداسێ**
**لە پێناوی دونیاو تەماح دەچومە جێی سەخت و عاسێ**
**جا کردەوەو کاری خرا پەم جەستەم بەکام شوێن هەڵواسێ**

## پێغەمبەر ( ص )

گوێم بۆداواکـەی تۆ نەگـرت
ئێستاش گـەلێ پەشیمانم
لـە هەموو دەرگایەکمدا
چومە هەموو بـارەگاکان
کەس گوێ ناگرێ لەگریان
ئینجا زانیم چەن هەڵەمە
ئێستاکەش زۆر دڵم تەنگە
من نازانم ڕوو لە کوێکەم
تۆ ڕێی بەچێژی ژیانت پێشانمدا
پیریش بۆ مردن دوا زەنگە
بەڵام من خۆم کۆڵە ڕێم گرت
ئاشتیت بۆ وولاتم هێنا
بەڵام هەر خۆم سەرە ڕێم گرت
ئێستاش گەلێ پەشیمانم
خەمبارو چاو بەگریانم
تۆ هاوڕازی خەمی من بوی
کوێر بم نەهاتمە پێشوازیت
ئەی ئارمگای دڵی نەخۆش
تۆ ئێمەت نەکرد فەرامۆش
بونیاتنەری دڵی بێ هێز
ئەی پێشەوای پێشەوایان

پشتو پەنای بێ نەوایان
لە ژێر چاودێری ئەللّەدا
لە ژێر نوزە و سکالاّدا
لە پێناوی گوناهی گەورەی ئێمەدا
هەزاران جار ناسۆرت ڕشت
ئێستاش هاتوم گوناهبارم
گوناهم گەلێ کردوە وردو درشت
ئەی پێشەوای تکاکارم
داد پەروەریم نەدۆزیەوە لای تۆ نەبێ
ڕای جوانم هەرگیز نەبینی
لای تۆ نەبێ
دەبێ هەرخۆت بکەی چارم *
ئەگینا زۆر گرفتارم

# جەژنانە

بەس تەنها پێکەنینە
هەوێنی شادی ژینە
مایەی خۆشیو ئەوینە
پشو ئەدا بەسینە
جەژن لادە ڕقی چوو
بکەینەوە پەڕەی نتتوو
ڕاییرد هەرچی هاتوو چوو
باوەش پێکدا بکەین زوو
بکە جەژنە پیرۆزە
گەڕان دەس مایەی سۆزە
سروەی ڕوخساری هۆزە
کێ بەوجەژنە دڵسۆزە
تورەو توند بە پەندە بێ
بۆخزمو کەس بەسۆزە
ئەوەی لێو بەخەندە بێ
ڕێی بێ کۆسپو کەندە بێ
دۆستی شەکرو قەندە بێ
ژین بەخەندە بیناکە
بڕوێنە تۆوی چاکە
بۆ ئاشتبونەوە ڕاکە
دەنا دوونیا کەلاکە

بکەینەوە گرێی دڵ
دابەش بکەین نوقڵوگوڵ
گوێ بۆخەندە بکەین شل
وازبێنین لە دەعیەی زل
جەژنە دەهەڵکەن بخور
بابۆنی بڕوا بۆ دوور
بەسەرکەوە خاڵو پور
ببەخشەوە گوڵی سور
بابێین خەندە بڕوێنین
قەڵای خەم بڕوخێنین
ڕەحمو سۆز بجو لێنین
قینەی دڵ هەڵتەکێنین

# چی بنوسم

چی بنوسم پێغەمبەرم تامن دەربڕم هەستی خۆم
زۆر گوناهکارم چۆن دەرکەم خەمی نێو دڵی پەستی خۆم
خۆم خستە نێو بەحری گوناه بەبیرو عەقڵ و دەستی خۆم
خۆم شلکرد بۆ نەفسی پیس و بۆ شەهوەت و هەوەستی خۆم
ئێستاش بێ هێز و جەستە پیر بەڵام چ شەرمەزارێکم
دەستم لە خرا پە نە پاراست ئەوڕۆ چ تاوانبارێکم
خۆم ئەزانم چیم کردووە هاوار چ ستەم کارێکم
نەمزانی کەمن خاوەنی چ پێشەواو سەردارێکم
ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ چرای ئاشتی و تەبایی
ئێمە بووین خۆبەزل زان و وەکو سەنگسار لە خۆبایی
ژینی خۆم هەڵەبردەسەر تاکو پیێم کەوتە بۆشایی
هاتی بەبیر و زانستێ خستە ڕوو بەرنامەی خوایی
هەتاکو کۆتایی ئەم ژینە بەو ڕێیازەت دنیا ڕوونە
بەرنامەو ڕێیازی ئیسلام ئارامگای دڵ و دەروونە
یاسای ڕاستی ئیسلام نەبێ یاسا بەبێ سەروو شوێنە
لەم چرکە ساتە مەوەستە زکری یاالله بخوێنە
وەرە با لەدەستی نەدەین جوانی و نەزیهی ئەم دینە
دینی ئەدەب و ڕاستگۆیی بەبێ بوغز و ڕقوقینە
چارەسەر و دەوای تازەی بۆ هەموو زامەکان هینە
دڵە ڕاوکێی دڵ ناهێڵێ و ئارام دەکا دڵ و سینە

# دونیا گـەڕام

سـەرتا پا دونیـا گـەڕام نەمـدی وەك ئیـسلام ڕاسـتگۆ
دوشـــمنی بـــێ ئەخـلاقـــی و دزی و بوختـــان و درۆ
بـــۆ مرۆڤەكـــان دینـــی هەیيـــەت و شـــان و شكـــۆ
سـاڕێـــژی برینەكـــانە دەوايـــە بـــۆ سـفت و سـۆ
بـۆ هـەر هەنگاوێكـــی ژیـن بۆچـوونی دیـارو ڕوونـە
داد پـــەروەری لێرەيـــە دەنـــا بـــێ ســـەرو شونـــە
ئـــارام بـەخـشـە بـــۆ دلان دەوای زامـــی دەروونـــە
پـشتیوانـی هـــەژارو خەڵكـــی برســـی و نەبوونـــە
زانست لـە دینـــی ئیـسـلام بـــێ ئەنـــدازە و سنـــورە
ئیـســلام بـۆ داد پـــەروەری داینـــا بەربەسـتو شـــورە
هەژار بە دینـی ئیـسلام یـەكجار زۆر پـشت ئەسـتوورە
ستەمكـــاری و زۆرداری لـــە دینـــی ئیـســلام دوورە

# ڕەمەزان

میوانی خۆشەویست دێت کابۆی ئامادەسازی
واز لەتەماعێ بێنەو بڕۆ لەبۆ پێشوازی
میوانێ ئارام بەخشە دڵەکان دەکات ڕازی
شەیتانان سندم دەکا ئیماندارەکا گازی
پێشینان وتویانە کە تەماع بێ سنورە
هەستەخۆت بێخەسەرچۆك مێوان دێ شەوقونورە
دەبێ باوەشی پیاکەی پێی بڵێی لێم ببورە
مردن دێ بەچرکەیە نەڵێی مردنم دوورە
میوانێکی خۆشەویست والادەکا دەرگای خێر
یە کسانیو دادی خوایە بەندەکانی دەکافێر
برسیت دەکا تاوەکو هەژارەکان بکاتێر
ڕمەزان هات شارەکەم گەیییەدەروازەی هەولێر
ئێمەش لە پێشوازیتین لەسەربانی ماڵ بەماڵ
لە پێشوازیت دەوەستین خۆش خەیاڵین خۆش خەیاڵ
لەبڵندگۆی مزگەوتەکان بەیەکتر ئەدەین هەواڵ
بەخێر هاتنت دەکەین بەدەنگی بەرزو زۆلال
ڕەمەزان مانگی خێرو بەزەیی و سۆزداریە
دەرگای بۆکاری خێرو عیبادەتێ واریە
بۆ زەخیرەی قیامەت باشترین ماڵداریە
مانگی خێرو زەکات وتاعەدو دینداریە
مزگەوتەکان پڕ دەکەین بە تەڕاویع وشەونوێژ
لەگەڵ مەلا شارەزا بۆدین دەکەین وتووێژ
ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان زامەکان دەکا سارێژ
لەم مانگە پڕ خێرەدا زۆرمان وەرگرت تاموچێژ

# قورئان

کوێرایم دایێ دەبینم پەڕو پەڕاوت سوتاوە
وتەی خوای پەروەردی گارم پەرش وبڵاوە لەم ناوە
ئەوەی شوێن کەوتەی قورئان بێ بەم کارە چەوت وداماوە
خۆ قورئان خاوەنی هەیە وا لەبان سەرتا وەستاوە
هاکا ڕق وقینی هەستا بەرو بارگەتی پێچاوە
قورئان خاوەنی خۆی هەیە نەڵێی بێ خاوەن و ناوە
چونکە خودای باڵا دەستم ئەو بەڵێنەی پێمان داوە
ڕۆژێ دادێ باجی بدەی دەرباز نابی لەم تاڵاوە
بزانە چ تەلی گرت لەدەست وقاچا ئاڵاوە
دوونیا بۆ تۆ هەروا نابێ بە بەرگی ئاڵ و واڵاوە

١٢\٧\١٩٨٧

## مەولودی هاوسەری

دەسەلاواتیك لێدە بۆ نیاتی هاوسەرگیری
فاتیحایەك بخوینن تیكڕا لێدەن تەگبیری
لەژێر ڕووناكی ئیسلام ماڵێك سازكەن بەژیری
ڕێیازی جوانی دینیان بێخنە ئەفكار و بیری
بوكەخان گوێ ڕادێرە بپۆشە چەفیەو حیجاب
لەبن ئالآی دین بژی سەربڵندن دایك وباب
نەخۆتو دایك و باوكت ڕانەكێشیە بەرحیساب
بەهەشت بكە بە ماڵت خۆت نێخیە ئاگرو عیقاب

## كوڕ

هەڵبژێرە ئافرەتی ڕوو لە نوێژو بە ئەدەب
مەگەڕێ بەدوای ماڵو یان بەدوای ڕوتبەو مەسەب
شەهادەو دامەزراندن مەكە بە مەرجو تەڵەب
بەدوای مۆدیلات مەچۆ با خوا لێتنەگرێ غەزەب
بەقەناعەت ئاسوودەی نەك زێڕو مسقاڵی چەند
خودای گەورە زۆركەسی كردووە بە عیبرەت و پەند
بە پارە فریو نەخۆی خۆت نێخیە نێو كۆتو بەند
پارەوپول مەكە پێوەر یان بڵێی من كەمم سەند
هاوسەرگیری لەئیسلام مەرجی زۆر دیارو ڕووە
قورئان زۆر بەسەرهاتی بۆ كردوویین بە نموونە
پابەندی مەرجی دینبە ئاسودەی لە دەروونە

# محمد رسوللاۆ

کێ دەردی من دەکا چارە
ڕێگای راستی بێ خەسارە
تەنها رێی پەروەردی گارە
ئەوەی بیگری بەختیارە
ڕێگای دەست و زمان پاکی
ئەگەر لێی لادەی هیلاکی
ڕێی بەختەوەریو یەکسانی
ریبازی ڕاستی ژیانی
دژی خۆ بەزل زانینە
ڕێگای فەلسەفەو زانینە
ئەی پێغەمبەری خۆشەویست
ڕێگای راستم هەرلەتۆ بیست
قورئان قانونو دەستورە
پەیڕەو کاری روویان سورە
گەر بەدین بکەی لاساری
لەگەڵ ئاگر دەکەی یاری
گەر بۆ ئیسلام پەیڕەو کاری
لە ئاخیرەت بەختیاری
قورئان دێخمە سەر چاوانم
چونکە من غەرقی تاوانم
کەهاتی جەهلەت ڕاماری
زاڵ بووی بەسەر ستەم کاری

کچیان دەخستە ناوچارا
خەڵکت دورخست لەم ئاکارە
تۆ بنیاتت نادەست پاکی
خەڵکت دوور خست لەهیلاکی
تۆ نەتهێشت دیلیو کۆیلەیی
چاندت تۆی لێ بوردەیی
شکاندت خوای بتو سەنەم
دیاریت کرد بەهەشت جەهەنەم
هەڵتکرد مەشخەڵی ڕاستی
خەڵك گەیە هیواو خواستی
ئەتۆ پێشەوای بەراستی
لەدین هەرکێ بکا سستی
هەرچی لادا لەم ڕێگایە
جەهەنەم بۆی دوا جێگایە
هەرچی لەدژی تۆ کارکا
ماڵو ئەقڵی خۆی خەسارکا
با لەئاگرجێی خۆی دیارکا
با ئەو ئاگرە ئینتیزارکا
لەتۆ فێربووین داد پەروەری
تۆ چرای بۆ بەختەوەری
فێرت کردم ڕۆژێ پێنج جار
بەرامبەر بە پەروەر دیگار

# پەندە شیعر
# بـــەرفتــار

لە سوجدەبم بەجەستەو زار
دوربم لەشەیتانی شەڕاڕ
تۆ پیشانت داین ڕێچکەی ژین
ئەی پێشەوای پاکو ئەمین

پارەی دوونیامان بدەن بەکۆڵە
چاومان تێرنابێ و هەردەکەین بۆڵە
دوونیا بە حەبلێ بدەن بە دووتە
هێشتا چاوتەنگی دیارە بەڕوتە
**********

مەزانە تاسەر دۆلار بەکۆڵی
تۆپت ئەداتن لەزاویەی گۆلی
یان زیرەکترین قوتابی پۆلی
ڕۆژێ میوانی چاڵێکی قۆلی
سەرت ئەلعەدەو میوانی خۆڵی
**********

دونیای لۆ بێخنە نێو لە پی دەستی
هێشتا پێت کەمەو دلگیرو پەستی
حەزدەکەی بەدوای تەماع نەوەستی
بەلاّم لە ناکاو دڵت دەوەستی
**********

نــاڵـــــەی برســـــی وولاتم دارو بـــــەردی دێنێتـــە گــــۆ
هەشمانــە ویــژدان مـــردوە قـــوتی ئــەم خەڵکــە دەکــاکۆ
بــەخوا وەکــو مــاری ڕەشــە پـــوڵی خـــەڵکی لەدەســتی تــۆ
تــۆ لەســەڵتەنەتو ســـەفای خــەلکیش نیــەتی نــانی جــۆ
خـــۆت لێکــردوین بەخـــەلیفە بــەلام کورتـــە پـــەتی درۆ
**********

هــەتا گـــەنج بــوم وام دەزانــی قـــەت سپی نابـــیٚ ڕدێــنم
پێم ئەزیەت بو بۆ خــودای خــۆم بــۆ ســوجدە ســەر داچــەمێنم
ئێستاش پیرمــو بیٚ هێــزم لـــەماڵی خـــۆم بــیٚ جێــو شــوێنم
بەزەبـــری گـــۆچان ڕێدەکـــەم گـــەلیٚ بــیٚ هێــزو بــیٚ تێــنم
دە ڕۆژانـــیش بـــەبیٚ ســـــەربم کـــــەسیٚ نایـــەتن بەشــــوێنم
**********

هێندە م خــرا پە کــرد ئێــستاکــەش ئــاوا دامـــاوو مەلـــولم
چیم بــۆ ئەکا کــە پیر بـــویمە تـــازە مـــن ســـەروەتو پـــولم
ئاخ نەفسی پیس چیت لێکــردم ئاخ چـــەن لــەزامێکی قــولم
پەشـــیمانی دەوا نیـــــە تـــازە لــــە دەس چــــوو عـــا پولم
**********

تا نەکــەوییە کــەمــو کــەســری بــیرت ناچــیٚ بـــۆ قیامــەت
ئەو کاتەش درەنگە بۆ ئێمــە دێــین توشــی تــالیو نەهامـــەت
هەتا دەکرا نــەمان دەکــرد یــادی خـــودا و نـــوێژو قامـــەت
وا نەبو لای خــوا بــەرنەدەین تا دەرچــین ســـاغو ســـەلامەت
تۆبــەمان نەکــرد لاساربوین تادەر نەکـــەوت دووا عەلامــەت
**********

ڕاوه ڕاوێ ئێمــه دەی کـــەین دژی یاســـای دیـــن و ژینـــه
لـــه پێناوی پـــارەو پـــولا دڵمـــان بـــۆته لانـــەی کینــه
دڵمــان پڕلـــه فێـڵ و بوغـــزه بـــۆ یـــه ئـارام نـابێ سینه
تـۆسـەیرکــــه لـــــەوولاتمان چ دۆزەخێکیـــان داهینـــــه
**********

هـەرخـەریکـــی مـــۆدیلات و خـــەریکی ســـەیارەی نوتـــی
قـــەت بـــه مـۆدیلات ڕاناگـــەی تـــا ڕۆژێ لـەســـەر تـابوتی
لـەژێر ئەو خـــۆڵەت ڕادەکـــەن بـــه بـــەرگێکی سـپیو ڕووتـــی
جـا لەوێش خـۆت له بۆ ڕاگـره لــه بـۆ شـەقو شـاپو شـوتی
ئینجا لـەوێ چـی لـــەزێڕ کـەین یـا لەمەرجـــانو یـاقوتی
**********

وامـــــەزانه شیـــــرن دەخـــــۆی ڕۆژێ دێ دەچێـــــژی تاڵـــــی
دۆستت دۆستی پـارەو پــوله نـات شـارتەوه لـــەبن بالـــی
شێنەیی هەتا تاسـەر نی یه براگیـان غەڵـەت بـووی حـاڵی
مـاڵو سامـــان کـــۆ کەیتـەوەو ئاســـوده بنـوی لـــه پـاڵی
**********

وامـــــەزانه زۆر بـەهێـــــزی ببینـــــه معەمـــــەر قـــــەزافی
بۆیـه لەســـەر خـاکـــو ئـەرزا لـێ مـــەده لافـــو گـــەزافی
کـــوانێ هێـــزو قـوەتی ئـــەو چـی لێهـات کـــۆڕو ووتــافی
چی نەما هەمـوی لـــەدەستدا بـەس عـەبای لـۆ مـا بەسـافی
**********

ئەگـەر جـەڵەوت بۆشـل کـرد نـــەفس زۆر ســـەره ڕۆو شـێته
ئەگـەر بەگـوێی نەفست بکـەی شـك نیـه جـــەهەنەم جێتــه
هـەرحەزدەکـەی پۆزی لێـدەی خـــەڵکی بخـــەیته ژێرپێتــه
حەزدەکـەی کێخواو حـاکم بی کـەسێ نەیەتــه ســـەره ڕێتــه
**********

خوانەکا ڕۆژێ نەبون بی خزمە وەك ئەوەی نەتناسی
قەستەکا غارت بداتێ و ملت قوتبکا بە داسی
هەر قەستەکا کەوڵت بکاو پێستت بە قولاب هەڵواسی

دین ژینی زۆر جوان خستتە بەرنامە
دەرمان و دەوای سەر هەموو زامە
شتێك ژین تێکدا لەدین حەرامە
بۆگشت پرسیارێ خاوەن وەڵامە
بەس هەڵە بکەی وەك داشی دامە
جەهەنەم جێ تە جێی ترسو سامە
**********

ئیسلام ئاینمە ڕێبازو دینم
چرای ڕووناکی ڕاستە ڕێی ژینم
قورئانە عیلمی پانوو بەرینم
بۆئەوەی عیلمو زانست دەرینم
تادەست لەباوەش خەندە وەرینم
**********

ئێستا لەخۆشیوو هەرەتی ژینی
دەورو بەری خۆت زۆرباش نابینی
بۆ دوا ڕۆژی خۆت هیچ داناچینی
دژی مزگەوت و تاعەتو دینی
نوێژ ناکەی بۆ خوا سەر داچەمینی
بەس بۆپارەو پول گەلێ وورد بینی
مەرگ دێو هەموت لەدەست دەردینی

ئیسلام ژیانی جوان ڕێك خستوە
لەهیچ بابەتێك لێی نە نوستوە
ڕەوڕەوەی خرا پەی لەكار خستوە
ئاگرو بەهەشتی بۆ داخستوە
**********

عەدالەتی خوامان بینی دادگایی موبارەكو سەدام
زۆرداری سنوری هەیە ئەوانەی دەری كەن لەتام
كورد لەمێژە وتویەتی لێی دەڕژێ ئەگەر پڕبو جام
دەرسو عیبرەتیان وەر نەگرت خوا بۆی ناردن دەیان پەیام
**********

بە قەزافیو بە موبارەك نیشانیاندا ستەم كاری
هەتا سەر بۆهیچ كەس نیە بەیاسای خوا بكا یاری
خوداش سنوری داناوە بۆ مل هوڕیو بۆ لا ساری
هاكا ساتێ لێت توڕە بێو تەختو تاراجت ڕاماری
**********

وامەزانە خاوەن هێزی بەس ڕۆژێ لارببێ بارت
لەخۆت بێكەس تر نابینی كەسێ نایێ بەهاوارت
هەناسەیێ بە پول دەكڕی لەبەر چاوت دەبەن مارت
ئەوكاتە بۆت بەرز ناكرێ سەری شوڕو شەرمەزارت
**********

سەیری ڕاستو چۆپت دەكەی هەر قەسرو پولو سامانە
كرو پەڕۆین و پژدێن كلاۆی بە سیمو جامانە
هیچی بەهانامان ناگا لەڕۆژی دووایی ئامانە
لەقیامەت هیچ كامێكیان عیلاج نین بۆ ئەو زامانە

ئەگەر گیرفانت گەرم بوو ئەوا دایمماڵت پڕە
دەعوەتو دەعوەت کاریە شیوت بۆدەکەن بەسڕە
ماڵەکەشت زۆر ئارامە بێ هۆسەو چرپەیەو کڕە
بەخوا دەڵێن قارەمانە ئەو چارشانەی کۆفی خڕە
**********

لەگەڵ هاتنت ڕوناکت کرد ژین
خستتە سەرلێوان خەندەو پێکەنین
پێشەوای دینم ئەی ڕاستو ئەمین
ئێمە شوێن کەوتەو ڕێبازی ئەوین
بۆیە ڕاستە ڕێو شادو تێرخەوین
**********

بەس ڕەمەزان دێ دۆستی مزگەوتین
ئەبێ بزانین کە هەڵەو چەوتین
کە ڕەمەزان ڕۆی چرای بێ نەوتین
هاکا لە ناکاو کە ڕۆژێ کەوتین

ڕۆژوە وان گەلێ شادو بەختیارە
ڕووی لە تاعەتەو پشتی لە پارە
ناوی ڕەسوڵو خودای لەسەر زارە
ڕاستو ڕستگۆیە لە ئیشوکارە
با بەردەوام بین ئەلەو بریارە
پیاوی چەوتو لار هەر شەرمەزارە
پیاوی ڕولەدین بەرزە و ڕێزدارە
*** *** *** ***

دوو عانەت شك دی نەڵێی بەتوانام
پیاوی زیرەك و عاقڵ و دانام
پێویستیم نییە كەس بێتە هانام
دەبێ عاقڵ بیو تێبگەی لەمانام

*** *** *** ***

ئای كە مردن هات ئەشكی قەدەمت
كەس ئەلەو ڕۆژە نابتە هاودەمت
نابتەشەریكی ناخۆشی خەمت
خۆتو چاكەتو وەلامی دەمت
شوكرانەی خوا كە جەم لەبۆجەمت

*** *** *** ***

ڕۆژێ ئەم ئەرزە ئەداتن قوتت
ئەیخەنە ژێر خاك هەیكەلی روتت
بەفریات ناگا زێڕ و یاقووتت
بەرد و خۆڵ دەبنە دۆست و هاوجوتت
مارو مور ئەخزێن بە كونی لووتت

*** *** *** ***

شەو تا ئەخەوی سەت ڕاوو تەگبیر
جارێك مردن خۆنایەتە بیر
هەتا خەوتنان حیساباتەكەی
ڕۆژێ نارِوانی بۆ هاوسێی فەقیر
بڕوانە مێژوو سەدان پاشاو میر
خودا خستنیە دەریا و چاڵ و بیر

*** *** *** ***

بۆ پول هەر لە ڕاکە ڕاکین دڵنیابە کەوا هەڵەین
لە هەموو کاری ڕۆژانە هەر غارەدەین و بە پەلەین
دژی مزگەوت و دینی خواین دۆستی گۆڤەند و هەل هەلەین
پشت لە یاساو ڕێسای خوداین لە بەحری خرا پە لە مەلەین
**** *** *** *** ***

ڕەمەزان برسی و ماندی
ئەوەی تۆی کرد وەشاندی
دوریەوە ئەوەی چاندی
بێ دین هەڵآت قوچاندی
گۆمی لێڵ کرد هەژاندی
پەتکی قوت کرد پساندی
چوو لە دەستی بەزاندی
*** *** *** ***

هاوار لە خۆمان هاکا مردن هات
کەنزیك بۆ وە دەشکێ پەل و پات
ڕاوە ڕاوت کرد ماڵ دەبتە میرات
هەرچی دێو بۆخۆی چەنگێکی ئەبات
ئە تخەنە تابوت نزمە بێ باڵآت
هاوار هیچ کەسێ ناگاتە هانات
جا ئەڕۆین بەرەو عەرش و حیسابات
*** *** *** ***

پۆزی لێ نەدەی بە سەروەت و ماڵ
ڕۆژێ قون و قون ئەتخەنە نێو چاڵ
پوڵ تا سەر نیە ئەکەویە سواڵ
فەقیر مەڕ نیە پاڵی نێی بە پاڵ
خۆتمان لێمەکە بە ڕۆستەمی زاڵ
سەیری منەکەی ڕوتم و بێ شاڵ
سەر شۆڕیم قەت قەت نایێ بەخەیاڵ
*** *** *** ***

جەژنە هەتیوان با زوو جل پۆشکەین
جلیان بۆ بکڕین با دڵیان خۆشکەین
کوڕو نەوەمان بەم ڕێگە گۆشکەین
نەکەین هەتیوان قەت فەرامۆش کەین
نەك هەگبەی خێرمان بەتاڵ و بۆشکەین
*** *** *** ***

زۆر چاك بزانە کاتی یە دەورت
هەتا سەر نییە قەت پارووی چەورت
ڕۆژێ لە خاکا ئەرزێتن کەورت
شیر داناڕپژی هەتا سەر هەورت
هەروا تیژ نابێ بیور و تەورت
*** *** *** ***

بــەڕاستـــــــــی ڕۆژو دەوا و دەرمـــــــــانە
بـــــۆ ڕۆژی دوایــــی گیـــشە و خـــــەرمانە
لامــــان گـــــران و ئـــــەرك و فـــــەرمانە
پــــشت لـــەم مانگـــە کـــەین زۆر زەرەرمــــانە
مـــــردن دوور نییـــــە لـــــە ڕۆخ ســــەرمانە
هــــــەروا نـــــامێنیٚ چـــــەرخی زەمــــــانە
تــــا ســــەر نــــامێنیٚ قـــــودەرت و توانــــا
*** *** *** ***

زوو غـــــرور نەبـــی بــــە پــــارەو فـــــرۆش
خـــۆت تـــورەو توندکـەی وەك ئەسـپی چـەمووش
غـــرور باجــــەدا گـــــرە گـــــریٚ وەك پــــوش
*** *** *** ***

چـــــــاوەك بگێــــــڕین بـــــــەم هـــــەتیوانە
ئــــەوانیش حــــەزیان لـــە جلـــی جــــوانە
بۆیـــان دابــــین کـــــەین جلــــی جــــەژنانە
بـــــەڕاستی یاســــای دینـــــی مـــــە جوانـــە
زەکــــاتی لەســــــەر پـــــارەو مـــــالٚ دانـــــە
بــــــــەڕاستی یـــــــەزدان زۆر میهرەبانــــــــە
جـــــەژن خـــــۆشیەو خـــــۆشی هەموانــــــە
*** *** *** ***

ڕۆژوی خۆمان گرت فڕاندمان قاو
لە زیکری خوا بووین سی ڕۆژی تەواو
سەر لە سوجدە بووین بێ خواردن و ئاو
گەر بێ هۆ نەت گرت لە ئەقڵت سڵاو
خۆت خستە ڕقی خودای خۆت تەواو
*** *** *** ***

ماتول بە ڕۆژوی بپارێزە زار
لە ووتەی خراپ و کاری چەوت و لار
لە پێناو مادە یان تموعی مار
خودا هەر هەموو باران دەکا بار
هەموو بارێکیش دەگەینتە هەوار
*** *** *** ***

چوی بۆ هەر کوێ و لە هەرکوێ بووی بالای دینی خوات بەتاربێ
نەکەی لە دین خۆت بەدوورخەی با خوا وە ندت دۆست و یاربێ
واز لە باسی خەلك بێنەو وشەی خێرت لەسەر زاربێ
دەبێ خەلکی ڕەوشت بەرز جوڵەی جوانترین ڕەفتاربێ
*** *** *** *** ***

خۆت نیشان دەدەی وەك وەلیو دیندار
بەس قۆڵ بڕێکی بە تەور و مار
بەدرۆ خەلکی ئەبەیتە بەهار
بە ناوی دینی خەڵکت دێتە پار
جا تۆش ددانی تیژت دێخیە کار
پێیان وەدەدەی وەك دوو پشك ومار
جا لە ڕقی خوا چۆن دەبی قورتار
*** *** *** *** *** ***

ئەورۆ کۆتایی و دوایین فتاری
ڕۆژوت هەموو گرت چەن بەختیاری
سبەی مردنەو جێت قەبری تاری
بچیە عەرشی خوا بە دەس بە تاری
ئەزانی ئەوکات چەند شەرمەزاری
*** *** *** ***

ڕەمەزان مانگی هۆشداری و زەنگە
خەلکی یەك خستووە چەند جۆرو ڕەنگە
چرای قەبرتە چۆن ئەوێ تەنگە
*** *** *** ***

هەموو دۆستینیو کارێکت دوایی دێو هەر بۆ کۆتایە
هەر بیری خۆش گوزەرانی لە خەیاڵ و لە بیرتایە
هەر بیری سەروەت و پارە لە نێو دەروون و دڵتایە
هاکە هەر چرکە ساتێك دێو جەستەت لەنێو تابوتایە

زانیمان کەوا چۆنە برسیەتی
حالی بوین کەوا زۆرە ئەزیەتی
دیمان هەتیوی برسیتی و پەتی
دیمان ئەختیاری غەریب لێ کەتی
بێوەژن مان دی ژانو میعنەتی
زەنگین زەکاتی دا لە سەروەتی
*** *** *** ***

ڕەمەزان کە دێ بەزەیی دێنێ
تۆوی ڕەحم و سۆز لە دڵ ئەڕوێنێ
دڵی موسڵمان ڕا ئەچڵەکێنێ
دڵی خەواڵو بەخەبەر دێنێ
زەکات بۆ فەقیر لە تۆ دەستێنێ
یەکسانی بەسەر ئەرزا ئەڕژێنێ

*** *** *** ***

ئەو کەسەی ڕۆژوی نەگرت بە ئەنقەست
خۆی خستە قوڕێ هەتا بڵێی خەست
خێری ئەو مانگەی بەلاش دا لە دەست
سەیرکە لە ناخ شەرمەزارەو پەست
پەنجەی بێ ئەقڵی و شەرمەزاری گەست
خۆی زامدار کردووە لە نێو ناخو هەست

*** *** *** ***

بۆ ئەو ژیانە گەلێ هیلاکین
پشوو کەمە ئەدەین لە ڕاکە ڕاکین
ڕۆژێ لەناکاو میوانی خاکین
خۆ و ادەردە خەین گەلێ بێ باکین
بۆو کورتە ژینە عەمباری چاکین

** *** *** ***

ڕەمەزان غەسلی دڵ و لەشەکا

ڕوی سیسی مرۆڤ جوان و گەشەکا

سەروەتمان لەگەڵ فەقیر بەشەکا

دونیات لەبەرچاو تاڵ و ڕەشەکا

تا بیری قیامەت لەدڵت گەشەکا

سنوور دادەنێ بۆوەی غەشەکا

*** *** *** ***

دۆستی ڕۆژوبە چەندە خۆش بەختی

ببڕە برسیەتی وتینوێتی و سەختی

هەندێ خۆت بێخە تاڵی و مشەختی

پاشان لە دواڕۆژ وەردەگری نەختی

*** *** *** ***

زۆر دەرسو گەلێ پەندمان دی هەرگیز نەمان کرد هەروەستە

زۆر کەسو زۆر عەنتەرمان دی بون بە عیبرەت دەستە دەستە

لە پێناوی پارەو پولا هێندە هیلاك نەکەین جەستە

پیاوی دۆستی سەروەتو ماڵ بێ خەوەو دڵی زۆر پەستە

*** *** *** *** ***

خۆت لێ نەبتە شێر خۆت لێ بگۆڕێ

ڕاست و چۆپ لێ دەی دینت بدۆڕێلیت

ڕونبێ ڕۆژێ ئەکەویە تۆڕێ

جا عەیبو حارت دەکەوتە گۆڕێ

*** *** *** ***

گەر خاوەن پارەو مالی بەس هەندەی بیلێو باسکە
لەهەر شوێنێ دانیشتی بەس گوێی ئەم خەلکە کاسکە
نەریتێ ناشرین زوو خۆتی لێ خلاسکە
هەتا سەر هێز نامێنێ دەشکێ ئەم قۆڵ و باسکە

***** ***** *****

گەر چوی بۆ میوان داری مەیکە بۆرسە ئەو ماڵە
بیری پارەو سەروەتت لە بیرکردنەوەت زاڵە
لە بری هەموو شتێك دینارت لە خەیاڵە
هەرچەندێ پارەت هەبێ دوا مەسکەنت هەرچاڵە
مرۆڤ زۆر دەوڵەمەند بوو تیچاوێکی لە سواڵە
لەهەر کۆڕێ دانیشتی وامەزانە بەس تۆ هەی
باس لای تۆ بەس پارەیە ماڵی تێدا عەرزکەی
دەنگت بەسەر خەڵکانی دەورو بەرتا بەرزکەی

***** ***** *****

دەرگای دڵ بێخە سە پشت
زۆرت ڕق و قینە ڕشت
بەڕق چیت هاتۆتە مشت
تاقا سەت پڕکردوو مشت
زۆر خەندەی سەر لێوت کوشت

***** ***** *****

سەریشم بەفرەو هاوەڵی فێڵم
دەشزانم هەمووش هەر بەجێ دێڵم
تەماح بەرنادا بەرچاوی لێلم
زۆر سەیر بەدوای پارەدا وێڵم
ئەمخەنە ناوگۆڕ بەرزەکەن کێڵم
***** ***** *****

خەیاڵە وا تێبگەی هەروا بەر قاشۆت چۆڵە
هەروا ساغ و بەختەوەر قاسەت بدەی بە کۆڵە
تێربوونی چاوی ئێمە ئەلحەدو مشتێ خۆڵە
رۆژێ ئەبێ لەرەبی نەك وا خڕو حەپۆڵە
***** ***** *****

لوت بەرزی و پۆزلێدانی گەییە خاڵی ترسناك
غروری باجی هەیە هەمووش ئەزانین زۆر چاك
نەندیو بدیو چاو چنۆك نارەوا بوونە مەلاك
***** ***** *****

لە پێناوی پارەدا برای ئەدالەزەوی
هەرچی بکەوتە دەستی خێرا ئەیخاتە دەوی
لە پێناوی پارەدا سەت جار سەر ئەکا نەوی
پارە لەبیری بردەوە دین وژیان وخەوی
***** ***** *****

مردن ناوەستێ ساتێ هەموو کەسێ ئەناسێ
لە مردن دەرباز نابی نەڵێی چویمە جێی عاسێ
رۆژێ لافیتەی رەشت لە سوچێ هەڵدەواسێ
جا ئەگەر چاکە کاری ناچیە بەردەمی داسێ

لەهەر شوێنێ دانیشتی هەر باسی پارە مەکە
باسی سوپەر مارکێت و ڤێللای ئەو شارە مەکە
کارێ زۆر قێزەونە عەیبە ئەو کارە مەکە
ئاخۆ چۆن پەیدایەکەی باسی ئەو ماڵە مەکە
یان باسی مۆدیلی نوو جۆری سەیارە مەکە
***** ***** *****

دایە بەڵێن بێ بەڵێن ئەو سۆزەت نەکەم لە بیر
لە باوەشی گەرمی خۆت تێر تێرت کردم لە شیر
ئەگەر یەك سات نەخۆشبام ئەبووی ماتەم و دڵگیر
شەرت بێ خزمەتکارت بم کاتێ تەمەن ئەتکا پیر
لە بەردەمتا ئەوەستم هەرچی بڵێی بۆتە کەم
شەرتبێ خزمەتی خۆت و نەعلەکانی پێتەکەم
وەعد لەنێو قولایی سۆزی دڵا جێتەکەم
وەعدی پەروەردگارو قورئان جێ بەجێ دەکەم
***** ***** *****

خۆڵ بارین و ڕەمەزان بەس بەڕۆژووم دڵخۆشم
چاوەڕێی شیفام خوایە چۆن لە دڵدا نەخۆشم
ڕەمەزان زۆر پڕ عەیبیم بەتۆ خۆم دادەپۆشم
خاوەن هەزار گوناهم بەتۆیە پەردە پۆشم
***** ***** *****

ڕاستی لە ڕەمەزانا ئەزانی ژیان تەنگە
ئێنجا ئەزانی فەقیر لەگەل ژیان لە جەنگە
وا مەزانە هەتا سەر جلی تۆش ڕەنگاو ڕەنگە
فەقیر لەلای خوداوەند نازدارو شۆخ و شەنگە
فەقیری شوکر لای خوا گەلێ بە وەزن و سەنگە
***** ***** *****

مەزانە هەروا ساغی ڕۆژێ ئەکەویە جێگا
مەزانە زولفەقاری ڕێبواری نیوەی ڕێگا
دونیا کاروان سەرایە ئەگەر مرۆڤ زوو تێگا
تۆبەکە نەوەك نامەی پیسی شەیتانت پێگا
***** ***** *****

لە ڕەمەزان ئەزانی نەبونی چەن کاریە
جا ئەزانی هەتیوان بەشیان گریەو زاریە
ئینجا ئەزانی زەکات بۆ فەقیر هاوکاریە
زەکات بەشی فەقیرە خوا داینناوە دیاریە
خوا چیداناوە بیکە دەرگا بەهەشت واریە
***** ***** *****

کورد لە مێژو وتویە کە تەماح بێ سنورە
مرۆڤی ئەشقە دینار لە کاری چاکە دوورە
کاکە کەسابەت خۆشە بەس ئاوا نا ببورە
پارە پەیدا کردنیش هەندێکی خەتی سورە
لە سنوری خوا لادەی دەتخاتە گڕی کورە
***** ***** *****

بۆ خۆتە خاوەن پارەی بۆ بە منی دەفرۆشی
مرۆڤی ژێر بەو شێوە پول ناختە بیرو هۆشی
پارەی زۆر گەییە هەرکوێ ناهێڵێ خەندەو خۆشی
مرۆڤی دۆستی پارە برای خۆی دادەدۆشی
***** ***** *****

کــــە باســی پــارە بکـــەی گـــوێی قوڕاغــەو ئەوەســـتێ
بـــۆ قـــۆڵ برینـــی دۆســـتی ســـەت تـــەون دائەبەســـتێ
بەس لە پێنــاو پــارەدا دەســت دێختــە هــەموو دەســـتێ
تـــا ڕۆژێ لـــە بـــەردەمی تابـــوتی مەرگـــە وەســـتێ
***** ***** *****

بــەس لەشــی ســاغی داواکــە لــە خـــودا و پــەروەردیگار
بــەهـــــەبوون و بەنـــەبوون دەقـــەتێ ڕۆژو ڕۆژگـــــار
کـــەناساغ بــوی براکـــەم تــامی چــیە پــارەو مـــار
لەشـــی ســـاغ ســـەرمایە نـــەك دڵێکـــی پـــڕ ئـــازار
***** ***** *****

دینـــی ئیـــسلام بـــۆ ئێمـــە وەك بەرگـــو بالاپۆشـــە
شـــەرەفو ئـــابڕوی ئێمـــە لـــە ئیـــسلام پـــەردە پۆشـــە
پەیڕەوکـــــاری بەڕاســـتی زۆر ئـــارامو دڵخـــۆشـــــە
***** ***** *****

دوو عـــانەت هـــاتە بـــەڕکی ئـــاوڕ بـــدە لـــەدواوە
بزانـــە چـــونە پێـــشت چـــەن بـــستو چـــەن هـــەنگاوە
بـــۆ کـــاری خـــرا پەو چـــەوت چـــەندە دەســـتت بـــڵاوە
بەس لـــە بـــۆ هاوکـــاری و خێـــر بـــۆ وا دەســـتت قوچـــاوە
***** ***** *****

خـــوا نـــانی ســـبەت ئـــەدا دونیـــات لێ قـــژقـــژایە
دەڵێـــی لـــەبرســـا دەمـــرم وا زەنـــدەقت ژایـــە
دڵ مەکـــە لانـــەی پـــارە جێـــی دۆستایـــەتی بێڵـــە
لـــەدوای خـــۆت ســـەروەتی زۆر لەبـــۆخەمان جێمێڵـــە

مردن ناوەستێ هیچ کات هەموو دەقێ لەکارە
قیامەت لەبیرنەکەی لەبیرت بێ جارجارە
کوان ئەوانەی لە پێش تۆ سەردار بوون ئەلەو شارە
کاسبی بکە بۆخۆت بەس نەك حەمباری پارە
****** ***** ******

لەمەجلسێ دانیشتی ئاوا سینگت مەبە پێش
بە پارە دروست نابێ لەدونیادا وەزنو کێش
دوایی ڕدێنت دەگرن وەگو تەنگە دەڵێن یێش
پێت دەڵێن پاڵدە دیوار نەکە بگری سەرڕێش

خوا نانی ئەوڕۆی دابێ بۆشت دائەنێ سبەی
نەك هەرچاوت تێر نەبێ بچیتە سوریاو دوبەی
هەندێ مەلاش بۆپارە داینا مەندیل وجبەی
فێر لەبرای خۆی دەکا لەتەرازووی لەڕبەی
ڕۆژێ خاك قوتت ئەدا ئاخۆ ئەبێ چی ببەی
***** ***** *****

لەدین ئەزانین کاری پێ ناکەین
چیمان لەدەست بێ لاری لێناکەین
بەقسە هەموومان خەریکی چاکەین
دەڵێین بانگی دا بۆمزگەوت ڕاکەین
ئەی خرا پەی ئەوڕۆ لەمل کێ ڕاکەین
***** ***** *****

خەمی سبەی هەڵمەگرە مەکە بەکۆڵکەو بار
هەرکەس قسەیەکی کرد دڵت پێبکەی خەمبار
بۆقسەو خەمی بچوك دڵت مەکە بەحەمبار
کورد دەڵێ خودای گەورە هەموو باران دەکا بار
***** ***** *****

زۆرخۆشحاڵە ئەوکەسەی بەبەشی خۆی ڕازیە
بۆکاروکردەوەی خێر هەردەم لە پێشوازیە
لەش ساغ ودڵ ئارامە ئەوەی بەقەنەعاتە
نانێکی هەبێ دەڵێ ی خاوەن قەسروقەلاتە
***** ***** *****

هەرسەیرێ پێشت مەکە جارجار بڕوانە دواوە
بزانە چونە پێشت چەند شەقاوو هەنگاوە
دوێنێکە لەبیر نەکەی ئەوڕۆ باڵ بڵاوە
وامەزانە هەتا سەر سفرەت گۆشت و پلاوە
***** ***** *****

بەدەست و ئەقڵی خۆمان سازمان کردووە ئەو ژینە
ژینی پڕ بوغزو غەرەز تەنها بێ پێکەنینە
ژینێکمان ساز کردووە شەبیهی جەهەننەمە
هەموو ئان و ساتێکمان ڕەشبین و داخو خەمە
***** ***** *****

ئەو ڕەشەبایەی دوونیا تەختەکا
کۆشك و تەلاری شایان تەختەکا
ڕێی دەربازبونی تەنگ و سەختەکا
هەزار زەنگین و میر بێ بەختەکا

کە خۆ بادەدەین بێ عەیب و عارین
لەڕەنگ و ڕووخسار و حاجی و دیندارین
بەس لە بۆ دونیا هەر دەڵێی هارین
پێکدی وە دەدەین هەر دەڵێی مارین
خەریکی پارەو کۆشك و تەلارین
خەریکی ڕیاو خرا پترین کارین
جا لە قیامەت چەند شەرمەزارین
بەیانی میوان نێو قەبری تارین
***** ***** *****

کێ سەر لەئیشی ئەوڕۆ دەرەکا
کاکم جیجداشەو کڵاو لەسەرەکا
تانێزیك مەلای ڕولەسەرەکا
لەمزگەوت دەرچوو جاخۆی هەرەکا
کۆری چەن ڕۆژەی بەمن دەرەکا
زوو زوو لۆعەمرەی مام سەفەرەکا
فێر لەخوای ناکرێ بەس خۆی کەرەکا
بەس خوا ئەوانە چارەسەرەکا
هەرلەدونیایێ سڕیان دەرەکا
***** ***** *****

جەژنە منیش وەك منالاّن حەزم لەجلی ڕەنگینە
چونکە باوکم دەستی کورتە بیّ جلم دلّم غەمگینە
منیش هەروەکو منالاّن حەزم لە جەژن و یاریە
منیش حەزم لە جەژنانەو لە جلی تازەو دیاریە
چاوەڕێین جەژنە کەس نایێ گەرچی دەرگاشمان واریە

خۆت لیّ نەگۆڕیّ وەك ڕێوی بەهار
کەسێبەری خۆی دی لەلێو کەندار
وتی بویمە شێر مەزن و سەردار
کە ڕۆژ بەرز بوو سێبەر هاتە خوار
گوتی هەر ڕێویم لۆی دەرچوو بەغار

خودا قارونی بۆ کردیە وانە
خودا لەیاد نەکەی ڕۆژو شەوانە
بلّێی ئەومالّەی خودا بۆ منی دانە
نەلّێی هی خۆمەو هیلاکی شانە
خودا دەتکاتە پەندی زەمانە
ڕێی بۆ قارون و هاوڕێی ئەودانە

ڕەمەزان دلّ و دەروون چاکەکا
ویژدان و دلّی مرۆڤ پاکەکا
بیری لە مردن و لە ژێر خاکەکا
بیر لە خوای گەورەی تەنیاو تاکەکا

خـــەڵكی بـــۆ چـاكـــە دەســـت بەكـــارەكا
دوشمنانـــــی دیـــن گـــــەرو تـــــارەكا
مەنعـــــی غەییـــەتی گـــــەرو زارەكـــــا
بەدەیـــــان دەردی جـــــەستە چـــــارەكا

ئێمــەت بـــۆ چـاكـــەو خێــر دەكـــرد گـــازی
بـــۆ مـــــوسلمانان جێـــــی ســــەر فـــرازی
مــن وەكـــو پێویـــست نـــەم كـــرد پێـــشوازی
تـــۆ كـــــە مانگیكـــــی پـــــڕ هیـــواو ڕازی
واجیمـــــان دێڵـــــی زۆر بەبـــــێ نــــــازی
تـــــۆ بـــــۆ فەقیــــران ئـــــاوات و ڕازی
خـــــۆشمەوێ ئیــــسلام دیـــــن و ڕێیـــــازی
هـــیچ كـــــەس لەمــــردن نـــابێ دەربـــازی

مـــــەزانە تـاســــــەر هـــــەر بــــەختیاری
هـــــەروا بەهێـــــزو خـــــاوەن بڕیـــــاری
بــە خـــەڵكی فــەقیر تــۆ بكـــەی یـــاری
بـــۆ كـــــەس نـــامێنێ گـــــەورەو ســـەرداری
هێـــزبۆ یـــەكێك بـــوا تـاســـەریە كجـــاری
نەدەمــــابۆ تـــــۆ وا چـــــۆڵ و خـــــاری

**ئەگەر ڕەمەزان هەر دەمی خۆت بەست**

**دەس والا نەبوی قوچاندت دوودەست**

**بزانە کەتیە ناوقوڕێکی خەست**

**خودای میهرەبان لەخۆت دەکەی پە ست**

**ڕۆژیو ڕەمەزان ڕوناکی ژینە**

**ڕەمەزان مایەی خۆشیو ئەوینە**

**کۆ لەکەیەکی بەهێزی دینە**

**وریاکەرەوەی پیاوی زەنگینە**

**مانگی لابەری حەسو دیو قینە**

**مانگی سارێژی زامو برینە**

**پشوێك ئەدا بەگەدەو سینە**

**زۆرهیلاك نەکەین بۆ تەماح جەستە**

**پیاوی دۆستی ماڵ بێ کەیف و پەستە**

**ماندوو هیلاکە لە ناخو هەستە**

**وای دێتە خەیاڵ ئەو باڵا دەستە**

**ڕۆژێ لەناکاو ئەکەوتە خەستە**

**ئەزانێ بە پوڵ چاك نابێ جەستە**

**خۆت لا زل نەبێ لەوخەوە هەستە**

******** *******

مەزانە هەروا بەتواناو هێزی
وەك شلم كۆرێ دەس نا پارێزی
یا قارەمانی سەر كورسیو مێزی
بەرامبەر خەڵكی دەكەی بێ ڕێزی
بزانە ڕۆژێك تۆش پەڕاوێزی

نەكەی زۆر سەرتر لەخۆت بڕوانی
بۆكەس نامێنێ زڕەی گیرفانی
سەرمایەی ژینە نەرمو نیانی
بەجێشی دێلی زۆرچاك ئەزانی
بۆ قەبر ناچێ سامانو خانی

***** *****

ئەوژینە مەگرە ئاوا بەسەختی
ببیە سەرۆكو پاشای سەرتەختی
بۆكەس نەماوە بزانە وەختی
قەت مومكین نابێ وەگری بەنەختی

***** *****

مەزانە هەروا ساغیو دەوڵەمەند
ئەودوونیای كاتی وەرمەگرە بەهەند
خودا چەند كەسی بۆكردوین بە پەند
دڵت بە دونیا هێندە مەكە بەند
ماڵت پەیداكرد بەچیو چۆنو چەند

***** *****

پاشێو هەڵدەستم لەنیوەی شەوە
کە بانگم ئەکەن لە شیرن خەوە
مەعیدەم دەڵێ ی بەردەو بتەوە
پارو بە پارو دەڵێ جێم کەوە
***** *****

کەس نیە مردن نەیدا بەعەردا
سەری نەداتن لەتاشی بەردا
ئەگەر پارەشت هەبێ بە فەردە
یەك قەڵاب خۆرت ئەکەن بەسەردا

ڕەمەزان ئێمە لەهەززە ئەدات
دوستو یاری بە هەلێکەو ئەڕوات
مێلە ئەوهەلە لە دەست چێو بڕوات
چونکە مردن دێو کەس نادا نەجات
بۆ مردن نیە هیچ سنورو کات
***** *****

هاکا کەمردن ڕۆژێ بارگەی خۆی لای تۆ داخا
قەبری تارت نیشانداو کفنی سپیت بۆ ڕاخا
لەمردن درباز نابی بچیە سەرلوتکەی شاخا
تامردن نەگەیشتە لات تۆبە بکە لەناخا
***** ***** *****

ئەودونیای کەتیای کاتیەو ئەڕوات
لەتاقیگەی خوای هەموو وەختو کات
هاکا کە ڕۆژێ چەماوە بالاّت
ئەوکات بەلاشە نوزەو سکالاّت
هەروا نامێنێ بە بەرزی بالاّت
***** *****

خواردنت گۆشت و گوێزو هەنگینە
بزانە خەڵکێك هەنەو برسینە
بۆکەس نامێنێ خۆشی ئەم ژینە
دڵت پاك کەوە لە بوغزو قینە
پیاوی پول پەرست دایم خەمگینە
***** *****

گوێت شلکە لەبۆ ناڵەی هەتیوان
لە کاتی فتار یاخود پاشیوان
هەروا نامێنی خاوەنی دیوان
لەناکاو مردن لێت دەبی میوان
جادادت نادات فیغاو قوڕ پێوان
***** *****

نەڕوانیە فەقیر وەك عەبدەو بەندە
بێخە سەر لێوان پێکەنین خەندە
بەرز مەڕوانە مامەگیان هەندە
سەیری ڕابردوو پڕ دەرسو پەندە

نەلێی دۆلارم بۆ دێ بە گەلە
لە نێو پارەو پول بکەویە مەلە
دەستت والاکە بۆت هاتووەو هەلە
ئەگینا بێشك دەکەویە تەڵە
لە قەبری تاریك زار ناکا لەلە
***** *****

مەزانە شێری بۆت دێ کارەسات
ئەوکاتە هیچ کەس ناگاتە هانات
نە خزم نەدۆست ناکەن مەرحەبات
خۆت لێ نەگۆڕێ لەهیچ وەخت و کات
لای خوا بەرنەدەی ئەو دەدا نەجات
***** *****

لە خەو ڕا پەڕە بیرت بێخە کار
بڕوانە حاڵی نەدارو هەژار
تا لە دەست خۆتە قودرەت و بڕیار
دوایی مردن دێو ئەتخەنە نێو چار
بۆ ماڵو مناڵ نەبی بە عەمبار
***** *****

کە بەڕۆژو بووی وریای زارت بە
چاودێری ووردی ئیشو کارت بە
هەوڵی حەلاڵی پارەو مارت بە
هاوکاری هاوسێی گەرو تارت بە
وریای زەکاتی سار بەسارت بە

فێـــر لــە خـــوا ناكـــرێ مـــاڵ نەكـــەی بـــڵاو
پـــــارەت ون بكــــەی لـــــەبن ســــەت كـــڵاو
گـــــۆشتی عەلیـــشیش بێخیــــە ســـەر پــــڵاو
فێـــر لـــــە خـــوا ناكـــرێ لـــە ئــەقڵت ســڵاو
***** *****

گـەرپـــــارە داری بـــیر نەكـــــەی زەكـــــات
مـــــردن بـــۆی نیــــە ئــانـــو كــاتو ســــات
كـــەس دەربـــاز نـــابیو كـــەس نـــابێ نــەجات
هاكـــــە كــــە مــــردن میـــوان بـــوو لـــــەلات
ناگـــــاتە هانــــات جـاكـۆشكــــو قــــەڵات
***** *****

ئــەورۆكــــــە تێــــــری بامــــــەدە سمێــــــر
خـــــۆتمان لیبكـــــەی بــــە ســــەردارو شێـــــر
مـــاڵ پەیـــدا بكـــەی بـــە ســـەت فرتـــوفێر
دەســـتت تونـــد بگـــری نەكــەی چـــاكەو خێـــر
بــــــزانە رۆژێ رێـــــت دەبتـــــە هــەڵدێـــــر
***** *****

رەمـــــــەزان ســـــاڵی جـــــارێ زەنگــــــەدا
مـوسـولمانانـــــــی جیهـــــــان دەنگــــــەدا
بـــــەو هەمـــــوو جـــــۆرو زارو رەنگــــــەدا
فـــــەقیر دەردێنــــــێ ئەلـــــەو تەنگــــــەدا
***** *****

نەڵێی تا سەرە قەیماغ و پەنیر
بەرز بڕوانی و لە بیرکەی فەقیر
هەروا گەنج نابی دەبی لەڕو پیر
ئەتخەنە چاڵێ قوڵە هەروەك بیر
بۆ مارو مێروو ئەتکەن بەنێچیر

فتارێ سەیری سەرمێزکە
بەس ئۆندەخواردنە ڕێزکە
کەمێك ئەم جەستەت بێ هێزکە
خۆت لای خودای خۆت بەڕێزکە
*** *** ***

فتارێ سەیری سفرەکەی ماڵت
پێش خواردن سەیری ورگی بەتالت
سەیری جیرانی ڕوتو ڕە جاڵت
حالی ئەوانیش بێتە خەیاڵت
*** *** ***

ئەگەرهەردەمی خۆت بەستا
ئێوارێ پلاوت تێ پەستا
نەیکرد کارلەبیروهەستا
بەلاش هیلاك مەکەجەستە
*** *** ***

ئەلە ومانگە دەست بڵاوبە
بەس هێندە ئەشقی پڵاوبە
بەس خەریکی قیتی کڵاوبە
بەس ئۆندە دژی سڵاوبە

*** *** ***

کە پاروت برد لەبۆ دەمت
سەیربکە سفرەو جەمت
باهاوسێ بێتە نێو خەمت
شوکربە بەبەشی کەمت

*** *** ***

کاتێ هەلدەستی وەختی پاشیوان
گەرخۆت تەنیا بوی یاهەتبو میوان
قەت لە یاد نەکەی نالەی هەتیوان
بۆکەس نامێنێ قەڵاتو دیوان

*** *** ***

پاشێوان دەخۆی قەیماغ یا هەنگوین
بەجەستەت دەدەی هێزوتواناوتین
جیرانەکەشت نەبونەو خەمگین
خودا بەم کارەت لێت دەکەوتە قین

*** *** ***

ئەگەر پڵاوت چەور و بە گۆشتە
تیلاکت خوارەو وا جوانو پۆشتە
جارجارە بچۆوە کاکە بەخۆشتە
برام هەروا نان نایەتە کۆشتە

فتارت شكاند تۆ بەفرێ ئاو
غارمەدە خواردن بەتينو بەتاو
جيرانى برسيت تۆ بێتەبەرچاو
هەتا سەرنيە بۆ هيچ كەس پڵاو

*** *** ***

مەيكە بەبازاڕ سفرەكەى ماڵت
چونكە هەرئاوا نامێنى حاڵت
چاوێ بگێڕە بە هاوسێى پاڵت
تۆش ڕۆژێ دادێ كورت دەبێ باڵت

*** *** ***

بەردەمى خۆيان پڕى مێزەكەن
ئاوى ناودەبيەى لە سەر ڕێزەكەن
قسەى بێ كەلكو قێزو بێزەكەن
تەنها گيرفانيان زۆربەهێزەكەن
حەزدەكەن ميلەت فێرى نێزەكەن
ئەلەم ژيانە لە تاقيگەداى
ئەتۆ عەبدێكى زەعيفى خوداى
بۆهێندە بەدواى پارەدا شەيداى
ڕۆژێ جێى دێڵى لەوەش دڵنياى

*** *** ***

مەزانە هەروا کە پۆشتەو قۆزی
دەخۆی ماستاوو نانو تەرۆزی
لەسە رئەم زەویە لێمەدە پۆزی
ڕۆژێ لێتدەدەن بە پەلکە مۆزی
ڕۆژگار زۆرکەسی لولدا لە تۆزی

*** *** ***

گەر پاروت پێچا گۆشت و نان و پیاز
لەبیریان نەکەی هەتیوی بێناز
لەبرسی و ڕوتی بیانکە دەرباز
رێت هەر ڕاست نابێ توشت دێ هەوراز

*** *** ***

ڕۆژێ لە نزمیو ڕۆژێ لە بەرزی
باسی مردن کەن گیانت دەلەرزی
خوامالی دایێ وەك قەردو قەرزی
لێت دە پرستەوە لەنوکی دەرزی

*** *** ***

کەفتارت خوارد دونیا بێخە بیر
فەرامۆش نەکەی نەدارو فەقیر
یان هاوسێی پاڵت پیرە پیاوی پیر
گەر ئاوانەکەی خودا دەکەی دلگیر

*** *** ***

نەڵێی هەبونم فەقیر بێ هێزە
خواردنم قە یماغ یاکونجیو گوێزە
فەقیر دەدەمە بەر نوکی نێزە
ئەو کردارانەت جێی قێز وبێزە
فەقیر لای خودا بەرزو بەڕێزە

نەڵی گەنمم زۆر لەودەم پڕکایە
ماڵم پڕ ئاردو شەکرو تۆچایە
ماڵی دونیا وەك کەوشو عەبایە
هەرڕۆژ لای یەکێك لە سەمادایە
*** *** ***

ڕەمەزان دوور بوی لەهەڵەو چەوتی
دینداریت دەکرد زۆرکەم دەخەوتی
پێشتر خەریکی گیرفانو دەوتی
هاکا کەڕۆژێ کە مردیو کەوتی
*** *** ***

چاکەو پیاوەتی هەر بەزار نا بێ
گیرفانت تاسەرهەر لە کار نابێ
هەروا خێرکردن بۆت لەبار نابێ
ئەم سالیش بۆ تۆ وەکو پارنابێ
کەسیش هەتاسەرخاوەن مارنابێ
هیچ کەس هەتاسەر باری لارنابێ
کەسیش هەتاسەر زولفەقار نابێ
*** *** ***